کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووهەم– ژمارە ۴۳۱–نیوەی دووهەمی پووشپەڕی۱۴۰۲ - 2023 july

## شۆڕشی ژینا، دەسکەوتەکان و ئاسۆ





- وتووێژێکی هاوڕێ برایم عەلیزادە لەگەڵ گۆڤاری ئایدیا دیپلۆماتیک ۳
- وڵامی پێشڕەو بە چەند پرسیارێک ۴
- بۆچی حیجابی زۆرە ملێ هێڵی سووری خامنەییە؟ ۵
- ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ۶
- ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە تیرۆرکردنی دوو ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ۶
- ئازار و ژانی ئەفغانی بوون! ۷
- باسێک سەبارەت بە ڕۆمانی»ئەفغانی»عارف فەرمان ۷
- خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی یەک زەرورەتە بەڵام بەس نییە ۸





### توماج ساڵحی، تێکۆشەری شۆڕشگێڕ و هێمای هونەری ناڕەزایەتی

۹



### ئاوردانەوەیەک لە کەسایەتیی سیاسیی هاوڕێی گیان بەخت کردوو «یەحیا خاتوونی»

۱۰

**سەروتار**

### دەستکەوتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی ژینا

ئەم ڕۆژانە به بۆنەی ئەوەی کە خۆپیشاندان لەسەر شەقامەکان لە پێوەند لەگەڵ شۆڕشی ژینادا خاو بۆتەوە، قسەیەک لەسەر زاری کەسانی ڕواڵەت بین، یان ئەوانەی کە لە زێهنەیت و یان لە بەرژوەندی خۆیانەوە دەڕواننە ڕاسستییەکانی کۆمەڵ، تۆوی بێهیوایی لە شۆڕشی ژینا بڵاو دەکەنەوە. لەناو ئەوانەدا بەرەی ڕاستی ئوپۆزسیۆن کە لە دەام و دەزگای تەبلیغاتی خۆیاندا وادەی نەمانی خێرای کۆماری ئیسلامییان بە خەڵک و بە هاوپیمانانیان دەدا، ئەوانەی بە پەلەپڕووزە خەریکی پێکهێنانی سەروبەری ئەڵتەرناتیڤی خۆیان بوون، ئێستا بەم بۆنەوە قەوانەی شکستی شۆڕشی ژینا لێدەدەن. لە ڕاستیدا ئەوە تەسەوری ئەوانە لە شۆڕشی ژینا کە شکستی خواردووە، نەک شۆڕشی ژینا لە واقعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خۆیدا.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە شەقام تەنیا یەکێک (و هەڵبەت مەیدانێکی گرنگی) دەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بوو. ئەگەر شۆڕشی ژینا لەو مەیدانەدا بە شێوەیەکی کاتی پاشەکشەی کردووە، تەنانەت ئەوە خۆی بە واتای وشیارییەکی کۆمەڵایەتییە.

درێژە لە لاپەڕەی ۲

دریژە ی : (سەروتار)

# دەستکەوتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی


ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە شەقام تەنیا یەکێك (و هەڵبەت مەیدانێکی گرنگی) دەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بوو. ئەگەر شۆڕشی ژینا لەو مەیدانەدا بە شێوەیەکی کاتی پاشەکشەی کردووە، تەنانەت ئەوە خۆی بە واتای وشیارییەکی کۆمەڵایەتییە. ئەوە پاشەکشەیە بۆ پتەوتر کردنی پێگەی خۆ، خۆ سازدانە بۆ کۆکردنەوەی هێزی زۆرتر بە مەبەستی هەنگاوێکی گەورەتر، ئەو خۆپاراستنە لە دانی زیانی زۆرتر و.... ئەگەر بەرەیەکی ئەو نەبەردە هێور بووەتەوە، چەندین بەرەی نوێ کراوەتەوە و شۆڕشی ژینا لە چەندین بواری دیکە لە بەرەوپێشچووندایە. کرێکاران، خانە نشینان، دادخوزان، موعلیمان و... بە کەڵك وەرگرتن لە بارودۆخێك کە شۆڕشی ژینا خوڵقاندوویەتی و بە هاوسەنگییکی لەبارتری هێز، جۆرێکی دیکەی ئەرکی حزوور لەسەر شەقامەکانیان وەئەستۆ گرتووە، بە دروشمی گشتگیرتر و ڕادیکاڵتر لەچاو جاران هەر ئەو بزووتنەوانە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان زەختیان خستووەتە سەر دوژمن.
تایبەتمەندی شۆڕشی ژینا لە بەرجەستە بونەوەی دروشمی «بڕووخێت کۆماری ئیسلامی»دا نەبوو، چونکە ئەو دروشمە لە سەرهەڵدانەکانی زستانی ٩٦ و پاییزی ٩٨یش دەبیسترا. بەڵکوو ئەوە دروشمی «ژن، ژیان ئازادی» بوو کە ئەو سەرهەڵدانەی لە هەموو حەرەکەتەکانی پێشوو جیا دەکردەوە. سەرهەڵدانی لە کودەستانەوە بوو کە ستەمێکی مێژوویی لەسەر نەتەوەکانی ئێرانی بەرجەستە تر دەکردەوە. لە ڕێگەی ئەو دروشمەوە بوو کە جەماوەری خەڵکی ئێران نیشانیاندا کە نەك هەر تەنیا دەزانێت کە چی ناوێت، بەڵکوو لەوەش تێگەیشتووە کە چی دەوێت، کە ئەوە جەوهەر و ناوەرۆکی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بوو. ئەگەر وای ببینین و بە پێوانەی ئەو دروشمە ئەو شۆڕشە هەڵبسەنگێنین، جگە لە پێشڕەوی چیتر نابینین. ئەگەر وای ببینین ئەوجار بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو شۆڕشە چۆناوچۆن لەناخی خۆیدا بەرەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەڕوات، ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە ناچار هەنگاو بە هەنگاو جێگە بە ڕژیمی ئیسلامی لێژ دەکات.
ئەو جەماوەرەی کە هاتبوونە سەرشەقام هەرگیز لایان وانەبوو کە گۆیا بە ئاسانی و بە زوویی ئامانجی ڕووخانی ڕژیم وەدی دێت. ئەوە پێویستی ژیان و زەمانە بوو کە جەماوەرێکی بەرینی خستەسەر ئەو ڕێڕەوە. ڕاستە کە دروشمی ڕووخانی ڕژیم وەدینەهاتووە، بەڵام کێ دەتوانێ ئەو ڕاستییە نەبینێت کە شۆڕشی ژینا هەر لەو ماوە کەمەدا تا چ ڕادەیەك کەشو هەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێرانی گۆڕیوە. ئەگەر خۆڕاگریی ژنانی ئێران بەرانبەر بە حیجابی زۆرەملێ لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا درێژەی شۆڕشی ژینا نییە چ ناوێکی دیکەی دەبێ لە سەر بێ؟ پەروەردەبوونی هەزاران کادر و تێکۆشەری ژن لە جەرگەی ئەزموونی دەوڵەمەند و پڕ لە جەسارەتی شۆڕشی ژینادا دەسکەوتی بەنرخی ئەم شۆڕشەیە کە لە مێژووی ئێران و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ وێنەیە.
بەرەوڕووبوونەوەی جەماوەر لەگەڵ دەزگای مەزهەب و بەتایبەتی ڕۆحانییەت، کە ڕەگ و ڕیشەی لەو کۆمەڵگایەدا داکوتاوە، ڕۆحانییەتێك جگە لەوەی ڕژیمی شا بە لێشاو پارەی بۆ هەڵدەڕشتن، ماوەی ٤٤ساڵیش خۆیان ڕاستەوخۆ دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و لەو ماوەیەدا بە سەدان ملیارد دوڵاریان خەرجی خوڕافەپەرەستی و پەروەردەی چەواشە کردووە، ئەو ڕۆحانییەتە ئەمڕۆ ئاوا لە ماوەی کەمتر لە یەك ساڵدا دەبێتە گاڵتەجاڕی نەوەی نوێ.
هەڵسەنگاندنی ئەم دۆخە بە واتای شکستی ئەم ڕاپەڕینە، نکۆڵیکردن و لەبەرچاونەگرتنی کاریگەریی قووڵی کۆمەڵایەتیی ڕاپەڕینی ژینایە؛ نکۆڵیکردن و لەبەرچاونەگرتنی ئەو کولتووری بەرخۆدانە جەماوەرییەیە کە چیتر نەک تەنیا هەر ڕیفۆرم و گۆڕانکاری لەم دۆخەی ئێستادا بەڵکوو تەواوی مەوجوودییەتی ئەو باردۆخە، ڕەد دەکاتەوە، لەبەرچاونەگرتنی گوتاری ژن، ژیان، ئازادی، و گوتاری زەروورەتی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئابووری، سیاسەت و فەرهەنگی کۆمەڵگادایە. ئەم ڕاستییە وایکرد ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هێوربوونەوەی خەباتی سەر شەقام، بەردەوام هەوڵەکانی بۆ تێکشکاندنی ئەم کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە قووڵانەی کە لە ژێر پێستی کۆمەڵگادا خەریکە گەشە دەکات و بەهێز دەبێت، بەکاربێنێت.
واقعییەت ئەوەیە کە شۆڕشی ژینا لە قوڵایی کۆمەڵگادا چووەتەپێش و هاوکات بەرژەوەندییەکانی، ڕژیم و ئۆپۆزسیۆنی ڕاستی خستووەتە مەترسییەوە. بە هەڵکەوت نییە ئەگەر لەلایەکەوە شاهیدی تەبلیغاتی ناڕەوای ئۆپۆزسیۆنی ڕاست بەرامبەر بە ڕەوتی چەپ و کۆمۆنیست، یان شاهیدی هێرشی هیستریکیان لەدژی خەڵکی کوردستان و پارتە سیاسییەکانیانین و لە لایەکی دیکەوە شاهیدی ئەوەین کە کۆماری ئیسلامیش نەک تەنیا خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی دادپەروەرانەی ئەوان، بەڵکوو کۆمەڵانی خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیوی لە سەراسەری ئێرانیش کردۆتە ئامانج. لەوانە دەکرێت ئاماژە بکەین بە ژەهراویکردنی بەربڵاو و ئامانجداری قوتابخانەکانی کچان، یان پەرەسەندنی ئێعدامەکان و دابەشکردنی بەرنامە بۆ داڕێژراوی ئەو ئێعدامانە بە سەر ڕۆژەکانی حەوتوودا، پەرەپێدان بە ترس و تۆقاندنی گشتی بە وەسیلەی دەرکردنی حوکمی سزای زۆر قورس لەدژی ناڕازیانی دەستبەسەرکراو و هەروەها بەکارهێنانی گوشاری ئەمنییەتی-قەزایی لەدژی هەڵسووڕاوانی بواری بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی خوێندکاری و ژینگەپارێز و هەروەها هەڵسووڕاوانی دژبە ستەمی نەتەوایەتی، مامۆستایان و خانەنشینکراوان و کرێکارانی خەباتکار و پارێزەر و ڕۆژنامەوانان و هتد... جگە لەم بابەتانە، بەخستنەژێر گوشاری لەڕادەبەدەری بنەماڵەی گیانبەختکردوان و بەتایبەت بنەماڵەی دادخوازان بە تۆمەتی ڕۆشنگەری و درێژەدان بە خۆڕاگریی و هەروەها لە ڕێگای پڕوپاگەندەی بەربڵاوی ڕاگەیاندنەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە لە شکستهێنانی شۆڕشی ژینا دڵنیا ببنەوە.
بەڵام ئەوە خەیاڵێکی خاوە، ئەو شۆڕشە وەها لە ناو دڵی ئەو کۆمەڵگایەدا ڕەگاژۆ بووە، کۆمەڵانی چەوساوە و ستەملێکراو، خەڵکی بێزار لە دیکتاتۆریی و تینووی ئازادی، ڕێگەیکی دیکەیان جگە لە بە ئاکام گەیاندنی ئەو شۆڕشە لەبەردەمدا نییە و بە دڵنیاییەوە ئەو ڕێگەیە دەبڕن.

*****

# شۆڕشی ژینا، دەسکەوتەکان و ئاسۆ

**ئەوەی لێرەدا دەیخەینەبەر دیدەی خوێنەران، بەشی یەکەمی وتووێژێکی هاوڕێ برایم عەلیزادەیە لەگەڵ گۆڤاری ئایدیا دیپلۆماتیک**

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** ئەمڕۆ ١٨/ ٥/ ٢٠٢٣ لەگەڵ کاك برایم عەلیزادە، سکرتێری کۆمەڵە قسە و باسێکی تازەمان دەبێ سەبارەت بە شۆڕشی ژینا و کۆمەڵێك بابەتی دیکە



**ئایدیا دیپلۆماتیک:** کاك برایم وێڕای سڵاو، ئێوە پێشتر گفتوگۆیەکتان کردبوو سەبارەت بە شۆڕشی ژینا و ڕێچکە و شوێنی ئەو شۆڕشەتان بەدروستی لێکدابووەوە و لە نامیلکەیەکدا بڵاوکرابووەوە. پاش تێپەڕبوونی ٩ مانگ بەسەر ئەو شۆڕشەدا دەسکەوتەکانی چۆن دەبینن و پێتانوایە چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگای ئێران و کوردستان داناوە؟ چەندە لە قازانجی کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستان و ئێران چووەتەپێش و دەور و نەخشی ئێوە تێیدا چۆن بووە؟ ئایا شۆڕشی ژینا کۆتایی پێهاتووە، یان بەشێوەیەکی کاتیی دامرکاوەتەوە؟ چەندە ئامانجەکانی خۆی پێکاوە؟

**برایم عەلیزادە:** زۆر سپاس بەخێر بێن، لەڕاستیدا ئەوەی من دەیبینم شۆڕشی ژینا بەردەوامە بەڵام شکڵی خۆدەرخستنی گۆڕاوە. بۆ ماوەی چەند مانگ ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوان، خوێندکارانی زانکۆکان و ژنان لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران هاتنەسەر شەقام و لە کوردوستان و بەلوچستان جەماوەری تریش بوو. هەڵسووڕاوانی ئەو بزوتنەوەیە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ئەو سەرهەڵدانە ڕوو بکاتە گەڕەکە هەژارنشینەکان، شوێنە کرێکاریەکان و کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکێکی زۆرتر پێی پەیوست بێ و بەو واتایە جەماوەریتر بێتەوە. بەڵام بە هۆکارگەلێك کە دەتوانین قسەی لێبکەین، ئەوە ڕووی نەدا. دوژمن هەموو توانایی پخۆی بەکارهێنابوو، بەڵام هەموو تواناییجەماوەر نەهاتبووە مەیدان. نەبەردێکی نابەرابەر بوو، هاوسەنگی لە جێیی خۆی نەبوو. لە ماوەی کەمتر لە ٥ مانگ زیاتر لە ٦٠٠ لاو و تازەلاو لە کچان و کوڕان و خەڵکی تر خوێنیان ڕژایەسەر شەقامەکان و یان لە زیندانەکاندا ئەشکەنجەدران و ئێعدام کران. نزیکەی ٥٠ هەزار کەس دەستبەسەر کران. ڕاستە کە ئەو شۆڕشە لە ناوەندێکەوە ڕێبەرایەتی نەدەکرا، بەڵام بەکردەوە ئەو وشیارییە لەناو جەماوەری ڕاپەڕیودا شکڵی گرت کە بۆ خۆسازادانی تۆکمەتر، بەمەبەستی خوڵقاندنی زەمینەی لەبارتر بۆ هێنانە مەیدانی جەماوەرێکی زۆرتر، پێویستە تاکتیك بگۆڕن. دەتوانم بڵێم ئەوە وشیارییەکی خۆڕسک بوو: با دەسکەوتەکانی تا ئێستامان سەقامگیر کەین و بیانکەینە پێگەیەک بۆ بەرەوپێشچوونی دواترمان. «کلاوزویتس» بیرمەندی سەدەی ١٨ی پرۆس دەڵێ: سەرکەوتن لە هەر نەبەردێکدا بەرهەمی بەکارهێنانی وشیارانەی سێ تاکتیکی جیاوازە: هێرش، دیفاع و پاشەکشە. فەرماندەی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە دەتوانێ هەرکام لەو سێ تاکتیکە خەلاقانە و لە کاتی خۆیدا و لە پێناوی سەرکەوتندا بەکاربێنێ. پاشەکشە لە نەبەردێکی دیاریکراودا دەتوانێت لە خزمەت هێرش و بەرەوپێشچوونی دواتردابێت. ئەوەی لە شۆڕشی ژینادا دەیبینین گۆڕینی تاکتیکە بۆ خۆسازدانی دوایی. ئەو واقعییەتە لە دەسکەوتەکانی تا ئێستای ئەو شۆڕشەدا دەبینین، کە پرسیاری ئێوەشە. شۆڕشی ژینا کە بە دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی)، دەستیپێکرد، لە ناوەرۆکی خۆیدا شۆڕشێکی ئیجابی بوو، واتە مەبەستی تەنها ڕرووخاندن نەبوو، بەڵکوو لە هەمانکاتدا بیناکردنیش بوو. لە یەکەم قۆناغی ئەو شۆڕشەدا باڵاپۆشی زۆرەملی فرێدرا. ئەمڕۆ سەیری شەقامەکانی تاران و شارە گەورەکان بکەن بزانن لەسەر ئەو بابەتە چ هەرایەکە. هەرچی یاسا پەسەند دەکەن، هەر چی ڕێکار دیاری دەکەن، وەڵامەکەی خۆڕاگریی ژنانە بۆ پاراستنی دەسکەوتێک کە بەهێزی خۆیان بەدەستیان هێناوە. تەنانەت ئەو ژنانەش کە لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار نەبوون، لە ئاکامی ئەو خەباتە بەهرەمەند بوون و ئەوانیش پەچەی زۆرەملێیان فڕێداوە. ئەوەی ئێستا لە شەقامەکان پەچەی لەسەرە بژاردەیەکی دڵخوازی خۆیانە. ئێستا دەزگای دادوەری ئێران بە فەرمی ئەوەی سەلماندووە کە نەبوونی حیجاب «تاوان» نییە، «سەرپێچییە». ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە، نەک لەبەر نەفسی باڵاپۆش، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە ئەوە سەرەتایەکە بۆ چوونەژێر پرسیاری هەموو ئایدئۆلوژیای ڕژیم، کۆماری ئیسلامی هەرلە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە باڵاپۆشی بۆ ژنان وەکوو هێمای ئایدۆلۆژی دەوڵەتی ئیسلامی ناساند.
دەسکەوتێکی دیکەی شۆڕشی ژینا، پێگەیەکە کە ژن لە کۆمەڵگای پیاوسالاری ئێراندا لەچاو پێش شۆڕشی ژینا بەدەستی هێناوە. بڕوا بە خۆبوونێکە کە کە ژنان بۆ بەرگری لە مافەکانیان نەک هەر بەانبەر بە دەوڵەت بەڵکوو لەناو بنەماڵە و لە ئاستی کۆمەڵگادا بەدەستیان هێناوە. پیاوسالاری پاشەکشەیەکی بەرچاوی پێکراوە.

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# درێژەی وتووێژێکی هاوڕێ برایم عەلیزادەیە لەگەڵ گۆڤاری ئایدیا دیپلۆماتیک

شۆڕشی ژینا تا ڕادەیەکی زۆر ریزەکانی ڕژیمیشی شپرزە کردووە. سیاسەت و لێدوانەکانیان گەلێک ناتەبان. خامنەیی هەر ڕۆژە هەڵوێستێك دەگۆڕێ و هەڵوێستی پێشووی خۆی پێ پینە ناکرێت. چەند حەوتوو لەوە پێش لە لێدوانێکدا ووتی سەبارەت بە ڕیفراندۆم دەنگی خەڵك بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان گرینگ نییە، چونکە خەڵک پسپۆر نین و لە دیاردە ئاڵۆزەکان تێناگەن. ئەوە لە حاڵێکدایە، هەرلە تەمەنی ئەو ڕژیمەدا دووجار ڕیفراندۆم کراوە، هەر چوارساڵ جارێك هەڵبژاردن کراوە، دەیان فاکتی دیکەی لەو چەشنە هەیە. تا ئێستا چەند فایلی ناوخۆی پاسداران بڵاو بووەتەوە کە دەریدەخات ناتەبایی لە ناویاندا پەرەی سەندووە.

لە ئاستی هەموو ئێراندا هاوسەنگی نێوان خەڵک و دەسەڵات وەها گۆڕاوە کە سەرەڕای سەرکوت و کوشتن و بگرە و بردەی بەرفراوان، نەیانتوانیوە خەڵک چاوترسێن بکەن. جەسارەتی نارەزایەتی دەربڕین گەلێک گەشەی کردووە. دیارە نەک لە شکڵ و شێوەی پێشوویدا بەڵکوو بە شێوەگەلێکی دیکە خۆی نیشان دەدا. بۆ نموونە مانگرتنی کرێکارانی پیشەسازیی نەوتی ئێران، ئەمساڵ گەلێک بەربڵاوتر بوو لە ساڵانی پێشوو، داخوازییەکانیشیان ڕادیکاڵتر بوو. بزوتنەوەی مامۆستایان و خانەنشینکراوانیش هەروەها. بانگەواز و بڕیارنامەکانیان چەند هەنگاو پێشڕەوترە لەچاو پێش لە شۆڕشی ژینا. تەنانەت لەناو زیندانەکانیشدا زیندانییە سیاسییەکان بە جەسارەتێکی زۆرترەوە پەیامەکانیان دەنێرنە دەرەوەی زیندان.

دەسکەوتێکی دیکەی شۆڕشی ژینا کە سەرچاوەکەی لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادییەوەیە ئەوەیە کە خەڵک تەنیا بیر لە ڕووخاندنی ڕژیم ناکاتەوە بەڵکوو بیر لەوەش دەکاتەوە کە چ حکومەتێک و بە چ ناوەرۆکێکەوە دێتە جیگای؟ ڕێکخراوە مەدنییەکان، پزیشکان، مامۆستایانی زانکۆکان لە ناوەوەی وڵات کەوتوونەتەخۆ و بە دەرکردنی مەنشوور و پلاتفۆرمی تایبەت بەخۆیان هەر لە ئێستاوە بنەمای یاسای بنەرەتی دوای کۆماری ئیسلامی دادەڕێژن و دەیکەن بە سەرچاوە بۆ وشیارکردنەوەی زۆرتری خەڵک.

ئەو شۆڕشە تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەرخستووە. کۆماری ئیسلامی لە زومرەی ئەو ڕژیمانەیە کە لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابوردوودا ریزێکی بەرینی ئۆپۆزسیۆن لەدژی خۆی پێکهێناوە. لەوانەوە بگرە کە دەیانهەوێ هەر ئەو ڕژیمە ئیسلاح بکەن بەبێ شۆڕش، تا ئەوانەی کە دەیانهەوێ نیزامی پاشایەتی بێننەوە سەرکار، ئەوانەی کە خوازیاری نیزامێکی لیبراڵی ڕۆژاوایین، تا ئەوانەی کە خۆازیاری نیزامێکی سەرمایەداریی دەوڵەتین و لایان وایە کە سۆسیالیسم لەو ڕێگەیەوە بەدی دێت، تا دەگات بە کۆمۆنیستەکان کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشن و بەرنامە و ڕێبازی خۆیان هەیە، حیزبە نەتەوییەکان کە ئەولەوییەتیان نەمانی ستەمی نەتەوایەتییە، بە بەرنامە و ڕێبازی جیاوازەوە. بەرانبەر بەم بەربڵاوییەی ئۆپۆزسیۆن، شۆڕشی ژینا، تا ڕادەیەکی بەرچاو پێوانەیەکی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە دا بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕەوتە سیاسییانە لە یەکتر. بۆ نموونە دیتمان شڵەژانێک لەناو ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕوویدا کە تەنانەت حیزبە سیاسییەکانی کوردوستانیش نەیانتوانی خۆی لێ بەدوور بگرن و لە یەکەم هەنگاودا یەکگرتوویی " ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان چووە ژێر پرسیار و ڕیزی لیبراڵەکانی تووشی شپرزەیی کرد. دەتوانم بڵێم کە ئەوە یەکێک لەو حاڵەتە دەگمەنانە بوو کە یەکگرتنەکان و دابڕانەکان پێوەندییان پەیدا دەکرد بە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

ئەوەی ئێمە وەکوو ڕێکخراوێکی دیاریکراو دەورمان چ بوو لە بەرەوپێشبردنی ئەو شۆڕشە؟ بێگومان ئەو شۆڕشە کە چەخماخەکەی لە کوردستانەوە لێدرا، تا ڕادەیەک هەڵگیرسانی هەر لە سەرەتاوە لەڕووی دروشمەوە، لەڕووی تاکتیك و شێوەی کارەوە و لەڕووی خولْقاندنی ڕووداوەکانەوە مۆرکی کاری ئاگاهانەی پێوە دیاربوو. دیارە مەبەستم ئەوە نییە ڕێبەرایەتییەکی دیاریکراوی هەبوو، بەڵام بۆ نموونە مەراسمی ئەسپەردەکرنی ژینا کارێکی ڕێکخراو بوو، مانگرتنە گشتییەکان لە کوردستان کە کەس ناتوانێت دەوری بەرجەستەی کۆمەڵەی تێدا نەبینێ، کارێکی ڕێکخراو بوو. بە هەمووی ئەوانە کە باسکرا، من پێموایە: یەکەم، شۆڕشی ژینا لە شکڵ و شێوەی نوێدا بەردەوامە و دووهەم بە شێوەی مانگەکانی سەرەتای هەڵگیرسانی نەیدەتوانی بەردەوام بێت. چونکە زیانەکان زۆر بوون، بریندار و گیانبەختکردوو زۆر بوون. نزیکەی ٥٠ هەزار کەس دەستبەسەرکران. ئەگەر تەنانەت ناوەندێکی ڕێبەریش بوایە، هەر دەبوایە بڕیاری گۆڕینی تاکتیک و شێوەکاری دابایە. بەڵام ئەوە بە ئاگاییەکی گشتی بوو لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** ئێوە باس لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا دەکەن بەڵام لە هەمانکاتدا ئێوە لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت لە ئوردوگاکانتان زەختتان لەسەرە تەنانەت لە ڕێگەی ی درۆن و مووشەکەوە ئەمنییەتتان کەوتۆتە مەترسییەوە. کۆماری ئیسلامی داوای چەکداماڵین و گواستنەوەتان بۆ شوێنە دوورەکان دەکات. ئەو دوو حاڵەتە لەگەڵ یەک ناتەبان، ئێوە ئەو ناتەباییە چۆن لێکدەدەنەوە؟



**برایم عەلیزادە:** ئەگەر پێمانوابێ کە بنکە و بارەگای ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو مەوجوودیەتی ئەوان پێکدێنێت، لەو سورەتەدا چ جیاوازییەک دەبوو لەڕووی ئاستی خەبات لەدژی کۆماری ئسلامی لە مابەینی کوردستان لەچاو باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران؟ ئەگەر وابوایە چۆن دەمانتوانی ئیدعا بکەین کە ٤٤ ساڵە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەردەوامە؟

بۆ نموونە سەبارەت بە کۆمەڵە دەڵێم ئیمە لە ناوەوەی وڵات نفووز و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرچاومان هەیە. ڕێکخستنمان هەیە لەناو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکاندا کار دەکەین. لە دەرەوەی وڵاتیش هەروەها. شۆڕشی ژینا گەشەی بە هەموو ئەو بوارانەی چالاکی ئێمە بەخشیوە و کاریگەری ئێمە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوەوەی وڵات زیادیکردووە. ئەوەی کۆماری ئیسلامی لێی نیگەرانە، ئەو ژمارەی پێشمەرگە و ئەو ئوردوگا و بارەگایانە نین کە لە هەرێمی کوردستان هەمانە. ئەوانەی کردووەتە بیانوو بۆ ئەوەی ئەو واقعییەتە بنەڕەتییەی کە باسمکرد، بشارێتەوە. لە هەمان کاتدا زەختێکیش بخاتەسەر حکومەتی هەرێمی کوردوستان بۆ ئیمتیاز وەگرتن و لاوازکردنی. ئەوە بەشێکە لە سیاسەتی هاوبەشیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا و تەنانەت حکومەتی تورکیاش بە هەمان شێوە.ئەوەندەی کە هەڵدەگەڕێتەوە بۆسەر بارودۆخی ئێمە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە هەوڵدەدەن بە کەمترین زیان لێی تێپەڕبین و ئەو بارودۆخە کارنەکاتەسەر خەباتی جەماوەر لە ناوەوەی وڵات. شۆڕشی ژینا لە هەموو ڕوویەکەوە ئێمەی بەهێزتر کردووە تەنیا ئەوە نەبێ کە گۆشەیەکی بچووک لە کاروباری ئێمە بەبۆنەی ئەو بارودۆخەوە لەوانەیە بەرتەسک بێتەوە. ئەو فشارانە ڕێگە ناگرن لەوەی کە ئێمە دەوری خۆمان ببینین لە پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی شۆڕشی ژینا و خەباتی جەماوەریی لە کوردستان. سیاسەتی ئێمە بەرانبەر بەم بارودۆخە نوێیەی کە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە هاتووەتە ئاراوە بە کورتی ئەمەیە:

چەکداماڵین لە پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ ئێمە هێڵی سوورە، جیا لەوەی کە ئەم چەکە بەکار بهێنێن یان بەکاری نەهێنێن، کە هەڵبەت هەموان دەزانن کە نزیکەی ٣٠ ساڵە ئێمە بەپێی لێکدانەوەی خۆمان و سیاسەتێکی دیاریکراو خەباتی چەکداریمان لەدژی کۆماری ئیسلامی بەرێوە نەبردووە. بەڵام لە هەمانکاتدا وتوومانە کە ئەم چەکەی بە شانمانەوەیە کارکردێکی سیاسی هەیە و بە شێوەیەک کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا بگونجێ دەی پارێزین. ئێمە نەمانویستووە و نامانهەوێ ئەو سیاسەتەی ئێمە ببێت بە بیانووی کۆماری ئیسلامی بۆ خوڵقاندنی کێشە بۆ جەماوەری خەڵکی باشووری کوردستان. بۆ ئەو مەبەستە ڕێوشوێنی دیاریکراوی خۆمان دەگرینەبەر و ژانەسەری نەخۆازراو بۆ هەرێمی کوردستانیش دروست ناکەین.

ئێمە هەرێمی کوردستان وەک پشتی جبهەی خەباتی چەکداریی خۆمان بەکار ناهێنین و لە سنوورەکان بۆ ئەم مەبەستە کەڵک وەرناگرین. کەمپی "زرگوێزی گەورە" لە هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی غەیرە نیزامییە و شوێنی حەوانەوەی بنەماڵەکان و چالاکیی کولتووری و مەدەنییە. ئەگەر کەسانێک لەو کەمپەدا چەکیان پێیە، ئەوە تەنیا بۆ خۆپاراستنە. هەر وەکوو هەموو دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کە بەهۆی بارودۆخی تایبەتیی ناوچەکە چەکیان هەیە و ئەوە دیاردەیەکی ڕێگە پێدراو و جێکەوتووە و زیانیشی بە ئاسایشی ناوچەکە نەگەیاندووە. ئێمە هەوڵدەدەین ئەو سیاسەتە بە لەیەک تێگەیشتن و ڕەچاوکردنی بەرژەوندییەکانی هەردوولا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بەرینە پێش.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا لە ڕوانگەی ئێوەوە یەکسانە بە کۆتایی هاتنی خەباتی چەکداریی ئێوە؟

**برایم عەلیزادە:** پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەڕووی پێویستی پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی جەماوەریی لە کوردستان بەرانبەر بە هێرشی کۆماری ئیسلامی بوو. شەڕ لە ئەنجامی بە بنبەست گەیشتنی وتووێژی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت هاتە ئاراوە. لە داهاتووشدا ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین کە بە خەباتی جەماوەریی و مەدەنی بە ئامانجەکانمان بگەین. دەستبردن بۆچەک بۆ ئێمە ستراتێژ نییە بەڵکوو تاکتیکە، تا مەجبور نەبین و لەڕووی لێکدانەوەی سیاسییەوە بەپێویستی نەزانین، دەستی بۆنابەین. بەڵام لە وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەدا پێش هەمووشتێک پێویستە بزانین کە سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا بە چ واتایەکە. ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە هێشتا نەگواستراوەتەوە بۆ بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو. ئەو جەماوەری کە تەنیا بەهێزی خۆیان ڕزگار دەبن هێشتا هێزی خۆیان نەهێناوەتە مەیدان. دروشمی جوان و پڕ مانای ژن، ژیان، ئازادی، پێویستە لە بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتیدا ورد بکرێتەوە. ئێمە لە سەرەتاکانی حەرەکەتێکداین کە دەتوانێت ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا پێک بێنێت، بەڵام ناتوانین هەر لە ئێستاوە قسە لەسەر چارەنووسەکەی بکەین. ئەوەندەی کە پێوەندی بەکاری ئاگاهانە و بەرنامەی ئێمەوە هەیە، ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو ئامرازانە بخەینەکار کە شۆڕشی ژینا جەماوەریی تر دەکاتەوە. نامانەوێ کەشوهەوای سیاسی کوردستان وا میلیتاریزە بێت کە جەماوەری خەڵك تیایدا خۆیان بە بێ ئەرک بزانن و بکەونە پەراوێزی خەباتی چەکدارییەوە.

**(درێژەی هەیە...)**

****

# وڵامی پێشڕەو بە چەند پرسیارێک



**پرسیار:** پاش ساڵانێک لە ئاژاوەگێڕی و دروستکردنی گرژی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، ئێستا ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدایە. هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم وەرچەرخانە چین؟

**وڵام:** بە کورتی دەتوانین هۆکارەکانی ئەم ئاراستە نوێە لەم بابەتانەی خوارەوەدا بەدی بکەین.

**یەکەم:** سیاسەتە دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە کە پشتبەستوو بوو بە ستراتێژی «قوڵایی ستراتێژیکی» لە ڕێگەی نفووز و حزووری نیزامییەوە، پاش ماوەیەک ئاژاوەگێڕی لەڕێگەی وەڕێخستنی شەڕی بە وەکالەتەوە، ئەمڕۆ ئیتر خەریکە بەرەو لاوازبوون دەڕوات. لەم بابەتەوە ئەوەندە بەسە کە ئاوڕێک لە سوریا و عێراق بدەینەوە و بزانین ئەم دوو وڵاتە لە ڕووی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، ئەمڕۆکە لەکوێ وەستاون. عێراق دوای ئەوەی تاڕادەیەک لە بوونی داعش ڕزگاری بوو، وردە وردە سیاسەتێکی دەرەکی سەربەخۆ لە ئێرانی گرتەبەر و هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە و وڵاتانی ڕۆژئاوا فراوانتر بکات.
حکوومەتی ئەلسوودانی کە لە ئەنجامی هاوپەیمانی شیعەکانی عێراق و بێگومان بە دەستێوەردانی ئێرانیش پێکهات. بەپێچەوانەی ڕاسپاردەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران کە بەردەوام پێداگریی لەسەر دەرکردنی دووهەزار و پێنج سەد سەربازی ئەمریکا لەعێراق کردووە، وەک هەمیشە لە هەوڵی هێشتنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتەدایە. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە لە زێهنییەتی کۆمەڵگای عێراقیدا خەریکە شکڵ دەگرێت. ( ئێران بۆ دەرەوە، بەغدا ئازد دەبێت)، ئەوە ئەو دروشمەیە کە لە شەقام و گردبوونەوە نارەزایەتییەکان لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقدا بۆتە وێردی سەر زمان. لە سوریا، ئەسەد بە بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی عەرەبی کە لە جەددە بەڕێوەچوو، ئەمڕۆ ئیتر مانەوەی خۆی لە پان عەرەبیزمی ناوچەکەدا دەبینێتەوە نەک لە «بەرەی خۆڕاگریی» وەهمی ڕژێمی ئێراندا. ئەگەر عێراقییەکان هێواش هێواش خەریکن مەیدانی سیاسی خۆیان لە نفووزی ئێران پاکدەکەنەوە، ئەسەدیش سەرەڕای پێداویستییە سیاسی و ئەمنی و داراییەکانیشی بە ئێران، بەڵام وردە وردە لەهەوڵی ئەوەدایە کە وڵاتەکەی لەژێر نفووزی سیاسی ئێران دەربهێنێت. ئێستا کە بناغەکانی دەسەڵاتی ئەسەد تاڕادەیەک پتەو و جێگیر بووە، حزووری نیزامی کۆماری ئیسلامی لە سوریا بە هۆی هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی ئیسرائیلەوە، بۆتە حزوورێکی بێزارکەرە. کۆماری ئیسلامی کە کەم تا زۆر ئاگاداری دۆخەکەیە، هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە کە هەموویان کەم تا زۆر پەیوەندی فەرمی و نافەرمییان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، ئاسایی بکاتەوە.

**دووهەم:** ئێران لە دۆخێکی ئابووریی زۆر لاوازدایە و بەدوای پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا دەگەڕێت. کۆماری ئیسلامی ئێران دەیەوێت ئەم پێوەندییانە ئەوەندە بەرەوپێش ببات کە هانی وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە بدات بۆئەوەی بێن و لە ئێران وەبەرهێنان بکەن. ڕێککەوتننامەکەی ئێران لەگەڵ چین، هیچ خێر و بێرێکی بەدواوە نەبووە و بەهۆی قەیرانی شەڕی ئۆکرانیا و لێکەوتە سیاسی و ئابورییەکانی لە ئێران، هیچ هەواڵێکیش لە سەرمایەگوزارییە چل ملیار دۆلارییە پێشبینی کراوەکەی ڕووسیاش نییە. ئێستا کۆماری ئیسلامی چاوی بڕیوەتە عەرەبستانی سعودی بۆ وەبەرهێنان لە ئێران. ئەگەر تا دوێنێ سعوودیە «نۆکەری ئەمەریکا» و « مانگایەک بوو بۆ دۆشین»، بەڵام ئەمڕ ڕژێمی سەرەڕۆی ئێران چاوی بڕیوەتە وەبەرهێنانی ئەم وڵاتە و تێگەیشتووە کە چیتر ناتوانێ پەیڕەوی لە دروشمە بێماناکانی دوێنێی خۆی بکات بۆ لۆمە کردن و شەرمەزارکردنی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل.

**سێهەم:** خامنەیی حکوومەتەکەی ڕۆحانی بە شیاو نەزانی بۆ پێکهێنانی ئەمجۆرە پەیوەندیانە و جێبەجێکردنەکەی سپارد بە حکوومەتەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی کە شتێک نییە جگە ئامرازێکی دەستی خۆی. ناوبراو لە حکوومەتەکەی ڕەئیسی ڕازییە و ئەو پارلمانە ناکارامەیەی ئێستا بە «شۆڕشگێڕ» دەزانێت. شۆڕشگێڕبوون لە باوەڕی ئەودا واتە کەسانێکی ناکارامە، کەسێک کە تەنیا دروشم دەدات، کەسانێکی درۆزن و خۆشباوەڕ و گەندەڵ، بەڵام دڵسۆزی ئەو و دەسەڵاتی سەرەڕۆی وەلایەتی فەقی بن. هەرچەندە هێشتاش دژە ڕۆژئاوایی بوون و دژە ئەمریکایی بوون لە دروشمەکانیاندا دەبیندرێت، بەڵام بە کردەوە هیچ دەرئەنجامێکی بۆ نیزام بەدیاری نەهێناوە.
نیزامی کۆماریی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کارلێک بکات کە پەیوەندییەکی زۆر نزیک و تەنانەت هەندێک جار ستراتیژییان لەگەڵ ئەمریکا هەبووە. وڵاتانی عەرەبی چیتر لە هەڕەشەکانی ڕابردووی ئێران بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل ناترسن. لە ماوەی ڕابردوودا وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە بەهۆی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا یان لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل بە توندی لەلایەن نیزام و ڕێبەرییەوە لۆمە دەکران. بەڵام ئەمڕۆ بەحرەین و ئیمارات نە تەنیا پەیوەندی فەرمی لەگەڵ ئیسرائیل دادەمەزرێنن، بەڵکوو لە پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل لە ڕێگەی دامەزراندنی بنکەی سەربازیی سنووردار بۆ هیدایەتی دیواری ئاسنین لە بەرامبەر ئەگەری هەڕەشە موشەکییەکانی ئێرانیش بەهرەمەندن. یەکێک لە مەرجەکانی سعودیە بۆ بەفەرمی ناسینی ئیسرائیل بریتییە لە بەستنی پەیماننامەیەکی ئەمنی سەربازیی لەگەڵ ئەمەریکا. لە ماوەی ڕابردوودا لە ڕێککەوتنێکی نەنووسراودا وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە بەرامبەر دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە وزەییەکانی وڵاتانی عەرەبیدا، ئاسایشیان بۆ دابین دەکردن، بەڵام ئەمڕۆ سعودیە و باقی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە نەک هەر دەیانەوێت ئەمریکا لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە و ئاسایشیان بۆ دابین بکات، بەڵکوو تەنانەت ئەم پەیوەندیانە فۆرمێکی فەرمیش بەخۆوە بگرن. سعودیە دەیەوێت ئەمریکا بە هەمان ئاستی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بکات. لە دوایین سەفەری بایدن بۆ ناوچەکە داوای لە وڵاتانی عەرەبی کرد لە پێناو ئاسایشی خۆیاندا هاوکاریی ئیسرائیل بکەن. هەرچەندە ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی دەرفەت بە چین و ڕووسیا نەدات کە لە بۆشاییە ئەمنییەکان کەڵک وەربگرن، بەڵام دەیەوێت بەشێک لە ئەرکەکانی خۆی بە ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە بسپێرێت.

**چوارەم:** کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانێکی سیاسی قووڵ کە بە وتەی خۆیان خۆی لە دژایەتی زیاتر لە ٨٠٪ی کۆمەڵگادا دەبینێتەوە بەرەوڕووە، قەیرانێکی کە لە شەپۆلی نارەزایەتییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، شەرعییەتی دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامیی بە ئاشکرا بردووەتە ژێر پرسیار. لە شەپۆلی ئەم دواییانەی نارەزایەتییەکاندا کە بە بزووتنەوەی نارەزایەتی ژینا ناسرا، بەڕوونی دەرکەوت کە زۆرینەی بەرچاوی خەڵکی ئێران خوازیاری ڕووخاندن و نەمانی کۆماری ئیسلامین. بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانە و پاشەکشە پێکردن بەم شەپۆلە بەرینە نارەزایەتییە، بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لەناو کۆمەڵگادا داکوتاوە، دەسەڵاتی ئیسلامی ناچارکرد بۆ بەرەوڕووبوونەوەی، جگە لە بەردەوامیدان بە سەرکوتگەرییەکان، توانایی و زەرفییەتەکانیشی بەرز بکاتەوە، هەروەها ئاراستەی کارلێککردن لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانیش یارمەتیدەرە بۆ ئەم مەبەستە، بۆ ئەوەی لە بەرەی ناوخۆدا لە بەرامبەر شەپۆلی نارەزایەتییەکاندا، هێز و توانایی پێویستی بۆخۆی دەستەبەر کردبێت.

****

# بۆچی حیجابی زۆرە ملێ هێڵی سووری خامنەییە؟




هەمووان ئەوەیان لەبیرە کە لە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر بە حیجابی زۆرەملێ، خامنەیی پاش ماوەیەک بێدەنگی، لە یەکێک لە وتارەکانیدا باسی لەوە کرد کە "ڕەچاونەکردنی حیجاب" لە ڕووی سیاسی و ئایینییەوە حەرامە و دوژمن و سیخوڕە بیانییەکانی لە پشتەوەیە. خامنەیی جگە لە قەدەغەی شەرعی، قەدەغەی سیاسیشی پێوە زیاد کرد بۆ ئەوەی نیشانی هاووڵاتیانی بدات کە حیجاب بابەتێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو دەچێتە بازنەی بڕیار و ڕێکخستنەکانی نەزمی سیاسی وڵاتەوە، نیزامێکی کە ئەو بە ئایینی دەزانێت. گرنگی بە حەرامی سیاسیی زانینی خەبات لەدژی حیجابی زۆرەملێ، پێش هەموو شتێک، ئاواڵەکردنی دەستی هێزە نیزامییەکان و پاساوکردنی سەرکوتکردنەکانە لەلایەن ئەوەوە. بەڵام کەمێک ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم بارەیەوە:

دوای ئەو ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەی کە بەهۆی کوشتنی ژینا ئەمینی دەستییپێکرد، بەرپرسە باڵاکانی سپای پاسداران بە ئامادەبوونی خامنەیی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و پێشنیاری چاکسازییان لە هەندێک لە کاروبارەکانی وڵاتدا خستە بەردەست. خامنەیی پێیان دەڵێت دەتوانن پلان بۆ چاکسازی دابنێن. لەو کۆبوونەوەیەدا حیجابی زۆرەملێ هێڵی سووری ئەو بوو. ئەم هێڵە سوورەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، تێڕوانینی ناسنامەیی ئەو سەبارەت بە هۆکاری بەردەوامی ئەو سیستەمە ئاشکرا دەکات. حیجابی زۆرەملێ وەک هێمای شوناس یان ناسنامە کە خاڵی جەوهەریی ئەم شوناسە بریتییە لە سەپاندنی بێ مافی، بۆ ئەو سیستەمە گەلێک گرنگ بووە و بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی، بەکردەوە کاری بۆ کردووە بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بێ مافی لە کۆمەڵگادا جێگیر بکات. کۆماری ئیسلامی لە دەیان ساڵی ڕابردوودا نەیهێشتووە ئەم مەسەلەیە واتە سەپاندنی حیجاب، لە چاوی کۆمەڵگا و بیروڕای گشتی شاراوە بێت. بە ئاشکرا دیفاعی لێ کردووە و چەندین ناوەند و دامەزراوەی بەمەبەستی بانگەشە و پەرەپێدان و سەرەنجام سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگادا، ڕێکخستووە، بۆ ئەم نیزامە و ڕێبەرایەتییەکەی زۆر گرنگە کە شوناس و فۆرمی ئاشکرای ئەم شوناسە لە سەپاندن و زۆرەملێکردنی بێ مافی لە کۆمەڵگادا بچەسپێت و هەموو هەوڵەکانی ڕێبەریی لە سایەی پشت بەستن بە توندوتیژی، بریتییە لە پاراستنی ئەم فۆڕمە لە شوناسی زۆرەملێ، واتە "ئیسلامیبوون"ی کۆمەڵگا. بەڵام لە لایەکی ترەوە بۆی هەیە گەندەڵی لەڕادەبەدەر و جێگیر لە دامودەزگای حکومەتدا بشاردرێتەوە و پێویست بە ئیجبار ناکات بۆ بەرەوڕووبوونەوەی. ئەم گەندەڵییە سیاسی و ئەخلاقی و دارایییە دەتوانێت بمێنێتەوە و کاتێک پرسی دزی و گەندەڵی هاتە ئاراوە، ڕێبەریی فەرمانیدا کە زۆری لەسەر مەڕۆن بۆ ئەوەی بابەتی گەندەڵییەکانی ئەو حکومەتەی کە ئەو وەک ڕێبەر هیدایەتی دەکات، نەکەوێتە بەرچاوی خەڵک و نەبێتە جێگەی باس و ڕۆژەڤی گشتی، بەڵام لەبەرئەوەی حیجاب فۆڕمی شوناسی نیزام نیشان دەدات، پێویستە ئاشکرا و ئیجباری بێت و بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێندرێت.

لە ڕاستیدا هەموو سیستەمەکانی جیهان خاوەن ئایدۆلۆژیان، بەڵام کاتێک ئایدۆلۆژیایەک ڕوانگەیەکی دوژمنکارانەی بۆ جیهانی دەرەوە هەبێت و بەرژەوەندییە گشتییەکان لە ناوخۆدا پشتگوێ بخات و پشت بە هەژموونی سیاسی خۆی ببەستێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراو، ئەو ئایدۆلۆژیایە لە ناوخۆ دەبێتە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن بە پشتبەستن بە توندوتیژی و لە دەرەوەش گرژی و ئاڵۆزی دەخولقێنێت. بۆ نموونە لە بنەڕەتدا سیستەمێکی کە پشت بە لیبراڵ دێموکراسی و بازاڕی ئازاد دەبەستێت، لە ناوخۆدا بە هەندێک فۆرمی دێموکراتیک پشت بەستوو دەبێت و لە ئاستی جیهانیشدا هەوڵی پێکهێنان و بنیاتنانی دامەزراوەی نێودەوڵەتی دەدات بۆ ئەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گرژییەکان بەشێوەیەکی هاوبەش ئاراستە بکەن. بەڵام ئایدۆلۆژیای سیستەمی ئیسلامی لە ئێران کە لەسەر بنەمای حکومەتێکی گەندەڵ و پاوانخواز و هەڵاواردن پێکهاتووە، لە دەرەوە پشتی بە ئایدۆلۆژیایەکی دژە ڕۆژئاوایی بەستووە و لە ناوخۆش بە ڕوانگەیەکی پاوانخوازانە و سەرەڕۆیانە. لەم ئایدۆلۆژیایەدا هیچ بوارێک بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی دەرەوەی وڵات لە ڕێگەی بەشداریکردنی کارا لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان یان وڵامدانەوە بە داخوازییە بەربڵاوەکانی خەڵک لە ناوخۆ، کە دەتوانێت ببێتە هۆی وەفادارییەکی زیاتر بە نەزمی سیاسی، بوونی نییە. لەم ئایدۆلۆژیایەدا، دروستکردنی شوناسی "ئایینی-سیاسی" لەڕێگەی ئەو بەهایانەوە کە سیستەم لە بیروباوەڕە ئایینییەکانیدا پشتی پێدەبەستێت، زۆر گرنگە. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی حیجاب بە ئیجباری دەزانێت چونکە شێوازی دەرکەوتنی ژنان لە گۆڕەپانی گشتیدا، هێمای ڕواڵەتی کۆمەڵگایەکە کە "سیستەمێکی پیرۆز" تێیدا حوکمڕانی دەکات و لەبری هاووڵاتییەکی خاوەن بڕیار و خاوەن ئیرادەی کە ڕێز لە شکۆ و کەرامەتی دەگرێت، کۆمەڵگەیەکی ئیرادە لێ زەوتکراو، سووکایەتی پێکراو و ملکەچ جێگەی دەگرێتەوە. ئاوا کۆمەڵگایەک بە ئەرکی خۆی دەزانێت مل بە پەیڕەوکردنی سیاسەت و فەرمانەکانی حکومەت بدات و بەدواداچوون بۆ داواکاری یاسایی و مافی هاووڵاتیبوون ناکات، گوێڕایەڵە و ئیرادەی لێ سەندراوەتەوە. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە خۆی لە لوتکەی دەسەڵاتی سیستەمێکی پیاوسالاریدا دبینێتەوە و دەیەوێت بیروباوەڕە ئایینی و سیاسییەکەی، پێویستییەکی بێ ئەملاو ئەولای کۆمەڵگا بێت. مەبەستی ئەو لە دروستکردنی "کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی" کە پشتیوان و پاڵپشتی "دەوڵەتی ئیسلامی" بێت، ئاراستەکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکە کە لە لەخۆی بێگانە و نامۆ بێت و بەپشتبەستن بە هێز و دەسەڵاتی نیزامی و توندوتیژی و سەرەڕۆیی، هەوڵبدات ئەو لەخۆ بێگانە بوونە جێگیر بکات. ئەو کەسانەی لە بوونی خۆیان نامۆ و بێگانەن، پابەندی ئەو دەور و نەخشە دەبن کە سیستەم بۆیان دیاری دەکات و چاوەڕوانی لێیان هەیە، بەڵام ئەو هاووڵاتییەی کە لەهەوڵی بەدەستهێنانی مافی ئینسانی خۆی و بەشداری لە سیاسەت و بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیدایە، دۆخێکی وا قبووڵ ناکات. لە بنەڕەتدا ئەو کەسانەی پێداگری لەسەر مافە ئینسانییەکانی خۆیان دەکەن، پشت بە یاسای ئەخلاقی دەبەستن، کە بێگومان لە سیستەمی ئیسلامیدا نەک هەر بنەمای یاسای ئەخلاق و مافی مرۆڤ بوونی نییە، بەڵکوو تەسلیم بوونە بەبێ مافی. یاسا لەو کۆمەڵگایانەی کە هاووڵاتی چارەنووسی خۆی بەدەست خۆیەتی، کۆمەڵگا ئەخلاقییەکان جەخت لەسەر دابینکردنی بەرژەوەندی گشتی دەکەنەوە، لە کاتێکدا لە نیزامی ئیسلامیدا یاسا و لەوانە یاسای حیجابی زۆرەملێ، بە مەبەستی پاراستن و مەسڵەحەتی ئەو سیستەمە پێکدێت.هەموو هەوڵەکانی نیزام و توندوتیژییەکەی، بە پشتیوانیکردن لەلایەن ڕێبەرییەوە، لەپێناو ئەوەدایە کە هاووڵاتییان لەناو کۆمەڵگەدا بکەن بە هاووڵاتییەکی لەخۆ و بێگانەی ملکەچی شوناسێکی سەپێنراو، بەواتایەکی تر قبووڵکردنی بێ مافییەکانی خۆیان.

بەڵام بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و بەردەوامبوونی تا ئەمڕۆ، دەریخست کە کۆمەڵگای ئێران بەرەو دووبارە بەدەستهێنانەوەی شوناسی ئینسانی خۆی هەنگاو دەنێت. شوناسێکی کە خامنەیی و نیزامی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، بەزۆر و سەرکوت دژایەتی دەکات.

****

پێشـــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزاده

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

رادیۆکان
بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (رادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# ڕاگەیاندن

## ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

لە چەند کاتژمێری ڕابردوودا دەنگۆیەکی ناڕاست سەبارەت بە بابەتی «چەککردنی کۆمەڵەی کۆمۆنیست» بڵاوبووەتەوە کە پێویستە جارێکیتر بۆ ڕای گشتی چەند خاڵێکی گرنگ سەبارەت بەم بابەتە ڕوون بکەینەوە:

١- هەر وەکوو لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا ڕامانگەیاندووە چەکداماڵین لە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ ئێمە هێڵی سوورە، جیا لەوەی کە ئەم چەکە بەکار بهێنێین یان بەکاری نەهێنێین.

٢- ئێمە نەمانویستووە و نامانهەوێ ئەو سیاسەتەی ئێمە ببێت بە بیانووی کۆماری ئیسلامی بۆ خوڵقاندنی کێشە بۆ جەماوەری خەڵکی باشووری کوردستان. بۆ ئەو مەبەستە ڕێوشوێنی دیاریکراوی خۆمان دەگرینەبەر و ژانەسەری نەخوازراو بۆ هەرێمی کوردستانیش دروست ناکەین.

٣- ئێمە هەروەک لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا نیشانمانداوە، بەپێی سیاسەتێکی دیاریکراو، هەرێمی کوردستان وەکوو پشتی جبهەی خەباتی چەکداریی خۆمان بەکار ناهێنین و لە سنوورەکان بۆ ئەم مەبەستە کەڵک وەرناگرین.

٤- کەمپی «زرگوێزی گەورە« لە هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی غەیرە نیزامییە و شوێنی حەوانەوەی بنەماڵەکان و چالاکی کلتووری و مەدەنییە. ئەگەر کەسانێك لەو کەمپەدا چەکیان پێیە، ئەوە تەنیا بۆ خۆپاراستنە. هەر وەکوو هەموو دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی چەکیان هەیە و ئەوە دیاردەیەکی ڕێگەپێدراو و جێکەوتووە و زیانیشی بە ئاسایشی ناوچەکە نەگەیاندووە.


٥- ئێمە هەوڵدەدەین ئەو سیاسەتە بە لێک تێگەیشتن و ڕەچاوکردنی بەرژەوندییەکانی هەردوولا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بەرەوپێش ببەین و ڕێگە بە پیلانگێڕیی نەیارانی خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان نەدەین کە لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن.

**دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**ای جولای ٢٠٢٣**
**٩ی پووشپەڕی ١٤٠٢**

## ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە تیرۆرکردنی دوو ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

بەپێی ڕاگەیاندنی ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، کاتژمێر ١٢ و ٤٠ دەقیقەی نیوەشەوی ١٥ لەسەر ١٦ی پووشپەڕی ١٤٠٢ی هەتاوی، لە دەورووبەری «هەڵشۆ»ی سەر بە شاری قەڵادزێ لە باشووری کوردستان، بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامی ئێران بە پیلانێکی لەپێش دارێژڕاو تەقە لە دوو ئەندامی حیزب دەکات و بە داخەوە لە ئاکام دا ئەم دوو پێشمەرگەیە بە ناوەکانی «عادڵ موهاجیر» ناسراو بە سەرباز و «لوقمان حاجی»، گیان بەخت ئەکەن. دیارە ڕژیمی کۆنەپەرەست و جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی زۆر لە مێژە بە ناردنی تیمەکانی تیرۆر بۆ ناو باشووری کوردستان، تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باقی نەیارانیتری خۆی کردوەتە ئامانج و لە هیچ جەنایەتێك لەم پەیوەندییە دا دەست ناپارێزێت. ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم کردەوە تیرۆریستیەی کۆماری ئیسلامی، داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەین، بە کردەوە هەڵوێست بگرن و پێش بە دەست درێژی و ئاژاوە نانەوە لە هەرێم و نائەمن کردنی کەش و هەوای هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە بگرن. هەروەها پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کادر و ئەندامان و کەس و کاری ئەو دوو پێشمەرگەیە و هاوڕێیانی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەکەین.

**دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**١٦پوشپەری ١٤٠٢**

## پەیامی کۆمیتەی لاوانی شۆڕشگێڕی سووری مەهاباد

ئێمە هەزاران کەس بووین، هەزاران کەس لە ئێمە گیانیانبەختکرد یان لە زیندانەکاندا ڕزان، هەزاران کەس لە ئێمە پشتیان لە مەیدانی شۆڕشکرد، هەزاران کەس لە نیوەی ڕێگا بەجێمان، بەڵام ئێمە هێشتا هەزاران کەسین.
پەیامی خۆمان بە یاد و ناوی هاوڕێی نەمر کاک عەزیز یۆسفی دەست پێدەکەین؛
سەرەتا پەیامی هاودڵی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی گیانبەختکردوانی شۆڕشی ژینا دەکەین و لەگەڵ ئەوان یادی هاوڕێیانی نەمرمان بەرز ڕادەگرین و جارێکی دیکە بەڵێن دەدەین کە بنەماڵەی ئەو ئازیزانە بەتەنیا ناهێڵین و ناهێڵین یاد و ناوی گیانبەختکردوانمان فەرامۆش بکرێت. دواتر وەکوو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە پەیامی یەکگرتوویی و هاودڵیمان بەگوێی هەموو گەلان و چینی چەوساوەی ئێران دەگەیێنین و باوەڕمان وایە کە چارەنووسی هەموو چەوساوەکان لێک گرێدراوە و چەوساوەکان بێجگە لە ئیرادە و هێزی خۆیان هیچ پشتیوانێکیان نییە و ئەو ڕەوتە پاوانخواز و فاشیستانەش ڕسوا دەکەن کە لەوسەری ئۆقیانووسەکان و لەنێو کۆشک و تەلارەکانی کالیفۆرنیاوە دەیانهەوێ بڕیار لەسەر ژیان و چارەنووسی ئێمە بدەن. جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە بۆ گەلانی چەوساوە ئاشکرا بوو کە ئێمپریالیزمی جیهانی دڵسۆز و ڕزگاریدەری هیچ گەلێک نییە و ئەوەی بۆ ئەوان بایەخی هەیە ئەو قازانجەیە کە لە ڕێی دەوڵەتە کۆنەپەرەستەکانی ناوچەکەوە پێیان دەگات، نەک ویست و خولیاکانی ئێمە.
لە درێژەدا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداوە تاڵەی لە مەقەڕی سازمانی زەحمەتکێشاندا ڕوویدا، ئێمە وەکوو هێندێک لە لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان، ئەو کردەوەیە بە توندی مەحکووم دەکەین و ئەو کارە لە بەرژەوەندی ئامانج و خواستەکانی خەڵکی کوردستان نابینین و نەفرەت دەکەین لەو ڕێبازە کە سیلەی تفەنگی بەرەو تاکی شۆڕشگێڕی گەلی چەوساوە دەگرێ و داوامان ئەوەیە کە بەرپرسانی ئەو دوو لایەنە وڵامدەرەوە بن لە ئاست کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.
لە درێژەدا ڕوو لە لاوانی خوێنگەرمی کوردستان، بەتایبەت شاری مهاباد دەکەین کە ئامانج و ناوەرۆکی ئەو شۆڕشە پێشڕەوە لە یاد نەکەن و هەوڵبدەن ڕەوتی پیشڕەوی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی کوردستان بەرفراوانتر بکەنەوە و سەنگەرەکان ئاودیوی سنوورەکانی کوردستان بکەن و لە بەرتەسککردنەوەی ئەو شۆڕشە و بە حیزبی کردنی خۆ ببوێرن. ئەوە هەلێکی زێڕینە بۆ هەموو چەوساوەکان، بۆ ژنان، بۆ نەتەوەکان و بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێش کە بە پەرەپێدان و ڕادیکاڵکردنەوەی ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە، هەموو چەشنە ستەمێکی چینایەتی، ڕەگەزی و نەتەویی بۆ هەمیشە لە ناو ببەن. ئەو دڵنیاییەش دەدەین بە خەڵکی چەوساوە کە ئەو شۆڕشە کپ ناکرێ و کۆماری سێدارە وادەزانێ بە سەرکوتی حیزبەکان لە دەرەوەی سنوورەکان دەتوانێت خەڵکی ناڕازی بێدەنگ بکات. بەڵام خەیاڵی خاوە و نازانێت کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەڵک، نەک حیزبەکان بەڵکوو نابەرابەری، هەڵاواردن، هەژاری، بێکاری، گرانی، خەفەقان و گەندەڵییە و ئەوانە هێشتا نەک هەر لەجێی خۆیانن بەڵکوو خەریکە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرێچوونی خەڵک سەختتر دەبێ و کەرامەتی ئینسانەکان پێشێل دەکرێ. ئەوەی کە کوماری سێدارە نایهەوێ دانی پێدا بنێت ئەوەیە کە هێزی بڕیاردەر نەک لە کۆیە و ئاڵبانی و زرگوێز، بەڵکوو لێرە لەناو کارخانەکان، لە مووچە و مەزراکان، لەنێو کۆمەڵی کرێکارە وەرزییەکان، لەنێو کوورەخانەکان، لە تەعمیرگاکان، پەراوێزی شارەکان، لە زانکۆکان و شەقامەکانن. ئەوەیە هێزی لەبڕان نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە کە هیچ مووشەکێک نایبەزێنێت. بە شاهیدی مێژوو، ئەو شایەی بە دەستووری ئامریکا ببووە ژاندارمی ناوچە و بە ئێف شازدەکان لە خۆبایی ببوو، هەر بە دەست حەڵەبیاواکان و پێخواسەکان تەخت و تاجی تێکڕووخا و لە چوار قوڕنەی دنیا جێی نەدەبۆوە. کۆماری سێدارەش ئەو وەهمەی هەیە کە ئێستا ئامریکا تەوافوقی لەگەڵ کردووە و پووڵ و ئیمتیازی داوەتێ دەتوانێ دەنگی شۆڕشی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی گەلانی ئێران سەرکوت بکات، بەڵام لەو ڕووەوە کە نە توانیویەتی قەیرانی مەشرووعیەتی خۆی چارەسەر بکات و نە قەیرانە ئابوورییەکانی، ئەوەی کۆماری سێدارە ماویەتی تەنیا گوللە و زەبروزەنگە. بە شاهیدی ئەو ٤٤ ساڵەش، دیتوومانە کە نە گوللە، نە زیندان و نە سێدارە نەیتوانیوە و ناتوانێت دەنگی شۆڕش کپ بکات.

**سەرکەوێ شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەی ئێران**
**بەرقەرار بێت سۆسیالیزم و ئیدارەی شووڕایی**

# ئازار و ژانی ئەفغانی بوون!
## باسێک سەبارەت بە ڕۆمانی»ئەفغانی»عارف فەرمان

**ن: سەعید ئەمانی**

ئازاری گشت ئەو ئینسانە ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبانەی داواکاری ژیانێکی ئاسوودە و دوور لەهەر چەشنە هەڵاواردنێکی چینایەتی، ڕەگەزی و نەتەوایەتین و بە کەمتر لەوەش ڕازی نابن، زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتدارانی چەوسێنەر و دژی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، برسییەتی و بێ ئیمکاناتی ژیان و بەڕێچوون و دەمارگرژی کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیاندا تەنگی پێهەڵچنیون و بە ناچاری ڕوویان کردۆتە هەندەران، تەقریبەن هاوشێوەیە و کەم و زۆر ژانێکی نزیک لەیەک تەجروبە دکەن. ناوەڕۆک و ڕووداوەکانی دووتوێی ڕۆمانەکەی عارف فەرمان کە بەسەرهاتی کۆچبەریی وڵاتێکی ئاسیاییە، زۆر زوو ناخی خوێنەری ئاوارەی ئێرانی دەسمێت و ئاوێتەی هەست و ئێحساسەکانی دەبێت و بە سانایی لەگەڵ خۆیدا دەیباتە پیاسەی گۆڕەپانی ڕووداوەکان. ئەو ڕووداوە ناخ هەژێنانەی لە ژیانی ئاوارەیەکی ئەفغانیدا ڕوودەدەن.

ئەفغانی بوون دەردێکی کەم نییە! بەتایبەتی کە کۆچبەرێکی نایاسایی ڕۆژڕەش بیت و سەرلە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەربێنیت. ڕەنگە ژن یان پیاوی ئاوارە و شەڕلێدراوی ئەفغانی، تەنیا لە ئێران، و لە نزیکەوە شاهیدی بێگانە بوون، ڕەتکرانەوە و سووکایەتی پێکرانی خۆی و وڵات و نەتەوەکەی بوبێت. ئەمە ئەو دەرەنجامگیرییەیە کە لە ناوەڕۆکی ڕۆمانی» ئەفغانی» نووسینی عارف فەرمان دەکرێ. ئەمە ڕۆمانێکە کە لە ناخی خۆیدا کرداری ڕوانگەی ڕاسیستی لە کۆمەڵگای ئێرانی ژێر حاکمییەتی نیزامی ئیسلامیدا دەنوێنێ. نووسەرەکەی ئێرانی نییە. ئەو ئەفغانییە و بەباشیش توانیویەتی هەڵسوکەوت و شێوەی ڕوانینی بەشێک لە دانیشتوان و مرۆڤی ئێرانی سەبارەت بە هاوڕەگەزەکەی لەو ڕۆمانەدا نیشان بدات.

ئەفغانی زاراوەیەکە کە ڕەنگە لە گوێی هەر پەنابەرێکی ئەفغانیدا کە ڕێی کەوتبێتە ئێرانەوە زرینگانەوەیەکی مەترسیدار و ئازاردەری هەبێت. عەلی، کەسی یەکەمی ڕۆمانەکە گەلێک جار بە پاڕانەوە، بە هێنانەوەی بەڵگە و دەلیل داوای لەو کەسانە کردووە کە بەم واژەیە سووکایەتی پێدەکەن و ئازاری ئەدەن بە ناوەکەی خۆی بانگی بکەن. وەک نووسەر دەنووسێت: «نەتەوەکەی منیش وەک هەموو نەتەوەکانی ترە و لەودا، تەواوی باشییەکان بوونیان هەیە. بەناوی نەتەوەکەمەوە بانگم مەکەن. گەلێک ئازاردەرە کاتێک کە لە غەریبیدا، سووکایەتی بە خۆت و نەتەوەکەت دەکرێ».

نووسەر ویستوویەتی وەک کۆچبەرێک سەبارەت بەمجۆرە دیاردانە لە زات و هەستی مرۆڤی ئێرانیدا بابەتێک بنووسێت. ئەو داستانی خۆی و بەسەرهاتی ئاوارەیی و پەرتەوازەبوون و بێ پشت و پەنایی هاووڵاتییەکانی لە زمان ڕاوییە گەنجەکەیەوە دەگێڕێتەوە. لە داستانە پێکەوە چنراوەکانی ئەم ڕۆمانەدا، ئێمە دەبینە ئەو شاهیدە سەر سووڕماوانەی لە ئاوێنەیەکەوە کە لە ڕوانین، بیر و ئەندێشە و هەڵسوکەوتەکانمان چێمان کردووە، هاتووینەتە دەرێ و بە سەرنجەوە دەڕوانینە قامەتی نا هەمواری خۆمان. شک لەوەدانییە کە بڵاو بوونەوەی ڕۆمانێکی لەم چەشنە دەتوانێ کاریگەریەکی بەرچاو لەسەر ئەندێشە و بیر و بۆچوونی ئەو بەشە لە دانشتوانی ئێران بەجێبێڵێ کە جێی سەرنجی نووسەرن.

ئێمە ئەو ڕوانینە تایبەتە ئێرانییەی سەبارەت بە بیانییەکان بوونی هەیە و عارف فەرمانیش دەیبینێ و لە ڕۆمانەکەیدا دەریدەخات، بەردەوام و بە درێژایی مێژوو لە ڕوانگەی ئێرانی بۆ ئێرانیشدا بووە و گەلێک جاریش لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکاندا بووەتە کۆسپ و بەربەستی بەردەم بەسەمەر گەیشتنی زۆربەی بزووتنەوەکان و بێدەنگبوون و لەپێ کەوتنی هێز و ڕەوتە سیاسییەکان. ئەمە لە ڕوانگەی ڕۆمانی» ئەفغانی»یەوە زەنگی مەترسییەکی گەورەتریشی لێداوە. لەڕاستیدا هیچ نەتەوەیەک بە تایبەتمەندییەکی بەم شێوە وێرانگەر و دژی ئینسانییەوە ناتوانێ پێ بنێتە شاڕێی تەمەدونی بەشەرییەوە. بەستێن و بوار خۆشکەری بەرەوپێشچوون بەرێگا پڕپێچ و هەوراز و نشێوەکانی مێژوودا و تێکەڵبوون لەگەڵ کاروانی گەورەی تەمەدونی بەشەری هاوئاهەنگی، هاودڵی، هاوخەمی و دۆستایەتیی و خۆشەویستییە.

لە ڕوانگەی ئەم ڕۆمانەوە ئێمە هەژار و بێهەست و هیچ لەدەست نەهاتووین. هەژارین؛ چون هێشتا عیشق و خۆشەویستیمان بەرانبەر بە هاوڕەگەزەکانمان نەکردووەتە سەرچاوە و بنەمای هەڵسوکەوتەکانمان. بێ هەستین؛ لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ ئەوەی خاوەنی ویست و ئاوات و ئارەزووی هاوبەشین، بە بوونی ئەو تایبەتمەندیانەشەوە کە باسیانکرا، خاوەنی هێز و شۆڕ و شەوقی یەکگرتن و کاری هاوبەش نیین لە پێناو سڕینەوە و کۆتایی پێهێنانی ڕەنج و ئازار و نەهامەتییەکانی یەکتردا.

لە ڕۆمانی» ئەفغانی»دا دەبینین کە ئێرانییەکان لەهەر تیرە و تائیفەیەک بن و سەربە هەر چین و توێژێک، کۆچبەری ئەفغانی تەنیا بە ئەفغانی! بانگ دەکەن. لەحاڵەتی ئاسایی دا ئەفغانی لە ڕوانگە و بۆچوونی ئەوەوە دز و قاچاغ فرۆشە. ئەگەر بۆ سەرگەرمیش بووە دەکرێ لە پەنا و پەسیوی کوچە و کۆڵانەکاندا بیخەیتەبەر گاز و گیر و وەک تۆپی یاری هەڵیدەی بەملاولادا.

ئەگەر بەهۆی پێنەبوونی کارتی مانەوە و نیشتەجێبوون بکەوێتە دەست پاسدار و هێزە نیزامییەکان سەرەتای دەستپێکی سیناریۆیەکی پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەی تاقەتپڕوکێنە بۆی. یەکێک لەو لۆمپەنە هەوسار پچڕاوانەی بەردراوەتە شەقام و کۆڵانەکان یان مەئمورێکی حکومەتی ئیلاهی کە جەواز و ئیزنی ڕاوکردن، ئەشکەنجە و لە بەینبردنی ئەم بێگانە چارەڕەشەی لە تەنگەی باخەڵدایە، بەخۆی نالێ کە ئەوەی من خەریکم بە مشت و پێلەقە پیادەکێشم، مێشک و چاوی مرۆڤێکە! ئەوە قەڵەمی دەست و پێ و ئێسکی پشت و پەراسوی ئینسانێکە تێکیدەشکێنم! ئەمە مرۆڤێکی ئەفغانییە و هیچی لە باری ئینسانییەوە لە من کەمتر نییە! نا، ئەمجۆرە هەڵسوکەوتە سەبارەت بە پەنابەری ئەفغانی بەلای ئەوەوە پاساوی شەرعی بۆ هێنراوەتەوە و سوورە لەسەر بەرێوەبردنی.

بەوتەی ڕۆمانی عارف فەرمان، کۆچبەری ئەفغانی تەنانەت مافی کارکردنی لە چێشتخانەکانیشدا نییە. ئەو یان دەبێ لە بەشی بەخێوکردنی پەلەوەر یان لە کورەخانەکاندا خەریکی قوڕبەسەری بێت یان لە کاری بیناسازیدا گیان و ژیانی بنێتە پێناو دەوڵەمەندکردنی هەرچی زیاتری خاوەنانی سەروەت و قازانج پەرستی خاوەنکاران و سەرمایەدارانی چاوچنۆکەوە. پەنابەری ئەفغانی نێچیرێکی لەبەردەست و گونجاوە بۆ سەرمایەدارانی خوێنمژ و بێویژدان کە بە بەردەوامی لە دژوارترین هەلومەرجی کاریدا هێزی کارەکەیان بەنرخێکی گەلێک هەرزان بە تاڵان دەبەن و شیلەی گیانیان دەکێشن و تەنانەت گەلێکجار هەڕەشەی دانەدەست پۆلیسیان لێدەکەن و دوور لەهەر هەستێکی مرۆڤانە حەقدەستەکەیان نادەنێ و بەدەستی بەتاڵ لەسەر کار وەدەریان دەنێن.

بە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستیانە لە ڕۆمانی» ئەفغانی»دا دەکرێ لایەنە جۆراوجۆرە شاراوەکانی ژیان لە ئێرانی ساڵەکانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی و ئاکامەکانی شەڕی ئێران و عێڕاقدا بدۆزینەوە. دەکرێ هەست بەو کارەسات و نەهامەتیانە بکەین کە بەسەر ئەم چارەڕەشانەدا هاتووە لە ساڵەکانی دەسەڵاتی بەبرەک کارمەل لە ئەفغانستان و شەڕی هێزەکانی سۆڤیەتی پێشوو لەگەڵ موجاهیدینی ئەفغان و باقی شەڕ و تێکهەڵچوونە جەنایەتکارانە و کۆنە پەرەستانەکانی نێوخۆی ڕەوتە کۆنەپەرستە مەزهەبییەکان و ئاسەوارە وێرانگەرەکانی لەسەر ژیان و گوزەرانی ئەم خەڵکە و ئاوارەبوونیان بەرەو ئێران.

« عەلی» ئەو کەسەی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە لە کووەیتەی پاکستانەوە و لە ڕێگای قاچاخەوە دێتە زاهیدان. ئەوکاتە زاهیدان شارێکە خامۆش ئەڵێی خۆڵەمێشی خەمت بەسەرا دابێشتوە بە دانیشتوانێکی مەسخ کراو و لە ڕواڵەت کەوتووی کە بەڕادەیەک نامۆیانە دەڕوانێتە بێگانەکان یان ئەفغانییە ئاوارەکان کە دەرفەت نادات هیچ چاوەڕوانییەکت لێی هەبێ. ژیانی ئەو لەم شارەدا لەگەڵ هەستە دەروونییەکان و ئەو ڕۆژگارەی تیایدا قەراری گرتووە، پیشاندەری پەیکەرەی ئەڕواحە لە شەوی شارانی تاعون لێدراودا. زمانی سادە و ساکاری دەربڕی ئازاری سووکایەتی و بێڕێزی پێکران، ئەشکەنجە و ئەم گشتە ئاوێتەی غەمی نانەی ڕاوی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر لەگەڵ هەر شتێکدا کە خۆی ئەزموونی دەکات، بکاتە هاوڕێ و لە بەستێنی ئەو ڕووداوە مەترسیدارانەدا کە بەسەریدا ڕماون، هەست و ئیحساسی خۆی بەشێوەیەکی نەرمونیان ئاژینکاتە ناخییەوە. خوێنەر ناچارە شانبەشانی بەسەرهاتەکانی ئەم کۆچبەرە سەرگەردانە لە شارەکانی تر لەوانە شیراز و تاراندا ڕێبکات. بەم شێوەیە بینین و ناسینەوەی ئەوەی بەسەر نووسەردا هاتووە، لە جێگاوشوێنی تایبەتدا و لە کەش و هەوایەکی پڕ گێژاودا کە هەستی بێ پشتوپەنایی و داماویی و هەژاریی و تەنیایی پێکی دێنێ؛ ئەو دەرفەتەی ئەداتێ کە سەرکەتوانە هەواڵی ترس و دڵەڕاوکێکانیمان پێ ڕابگەیەنێ.


داستانی برسی مانەوەی لە زاهیدان ناخ هەژێنە. سووکایەتی پێکران و ئەشکەنجە و ئازاری خۆی و هاووڵاتییەکانی لە نێو کۆڵان و شەقام و کومیتە و ئیدارەی پۆلیسی شارەکانی شیراز و تاراندا تا ئاست و سنووری شێتبوون ئەسەفبارە. داستانی ئەویینداری ئەو لەگەڵ کچی خاوەن ماڵەکەیدا و بەواتایەکی تر کچە هاوشاریەکی حافز، شاعیرێکی کە بە بەردەوامی لە زەین و ئەندێشەیدا حازربوو، لە وەها بارودۆخێکدا کە ئەوی تێدایە هەر لە سەرەتاوە شکستی هێناوە. ژینگەی کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی ئەم دوو ئەویندارە لاو و بێ دەسەڵات و بێ سەروەت و حورمەت و ڕێزە بەگاڵتە دەگرێ. ئەڵێی هێشتا ئەم کۆمەڵگایە ئەنگیزە و پاڵنەرەکانی ئەویینداری بە بابەتێکی ئینسانی نازانێت، ئەمە کارەساتەکەیە.

ڕۆمانی» ئەفغانی» باس لە دەرد و ئازارەکانی دەیان ساڵ لەوەپێشی کۆچبەرانی ئەفغانی واتە سەرەتاکانی تاراوگە نشینییان دەکات. مەینەتی و فەلاکەتێک کە لە ئێستادا و لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەم تاراوگە نشینانەدا بەدەیان قات زیادی کردووە و حکومەتی ئیسلامی ئێران و کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەجێی کەمکردنەوەی ئازارەکانیان بە هاودەستی و هاوکاری یەکتر و پیلانی هەمەڕەنگ خەریکی هەڵکەندیانن لەو شوێنانەی بەهەزار دەرد و مەرارەت لێی جێگیر بوون و توانیویانە ژیانێکی مەمرە و مەژی تێدا پێکەوە بنێن و خۆبە دووربگرن لەو مەرگەساتەی لە وڵاتەکەیاندا لە ئارادایە. ئەم لایەنە بەشەردۆستانە! دەیانەوێ ئەو خەڵکە چارەڕەشە بە زۆر بنێرنەوە بۆ ئەفغانستان، بۆ جەهەننەمێک کە وڵاتە خاوەن هێز و دەسەڵاتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیان خولقاندوون و ڕۆژ نییە بە دەیان کەس لە دانیشتوانی ئەو وڵاتەی تێدا نەبێتە قوربانی.

دوکتۆر ئەکرەم عوسمان لە پێشەکییەکی کورتدا کە بۆ ئەم ڕۆمانەی نووسیوە دەڵێت:» ئەم بەرهەمە لە شێوەی سەفەرنامەیەکدا نووسراوە کە ڕیوایەتێکی بەڵگەمەندی سەفەرێکی بێ کۆتایی و بێ مەقسەدە. ئەم بەرهەمە ڕۆدەچێتە ناخی ڕاستییەکانەوە. ئەم ستراتێژە، ناخی ڕووداوەکە دەکۆڵێ.

بەکورتی ئەم داستانە خاوەنی دارشتنێکی پتەو، ڕێکوپێک و قایموقۆڵی تایبەتە و لایەنگرانی خوێندنەوە بەرەو قوڵایی تراژێدی ژیان لە وڵاتی ئەفغانستان پەلکێش دەکات.»

وێڕای تەئیدی بۆچوونەکانی دوکتۆر ئەکرەم عوسمان، دەبێ بوترێ کە ئەم داستانە لەگەڵ ئەمانەدا، ئەو بەشە لە مرۆڤی ئێرانیش کە تیشکی ڕەخنەی ئاراستە کردوون بەرەو پاڵاوتنی ئەندێشە و ڕەوان و ڕوانگەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا پاڵپێوە دەنێت.




****

# خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی یەک زەرورەتە بەڵام بەس نییە

**ن : بێهرووز ناسری**

١٣ی پووشپەڕی ١٤٠٢

ئێستا کە ئاوڕێک لە دەورانی شۆڕشی ژن، ژیان ئازادی دەدەینەوە، گەلێک دەستکەوتی گەورە و بەنرخ وەبەرچاو دەکەون کە جێگای خۆیەتی ئەو دەستکەوتانە باسیان لێبکردرێت تا لە پرۆسەی خەباتی بزووتنەوە جەماوەرییەکان کە هەر ئیستاش لە ئارادایە، بێتە گۆڕێ، قسەی لێ بکردرێت و لە کردەوەدا کەڵکی لێ وەربگرێت. ئەگەر چەند دەستکەوتی گەورەی ئەو شۆڕشە بخەینە بەرچاو، لازمە بوترێت کە:

• شۆڕشی ژینا لە بواری سیاسییەوە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بووە و تەواوەن خووازیاری نەمانی دەستەڵاتی ئەو ڕژیمە سەرکوتگەرە بوو. ئەوە بەڕوونی لە دروشم و خواستەکانی ئەو شۆڕشەدا خۆی نیشاندەدا. بۆ نموونە دروشمەکانی نا بۆ دیکتاتۆر، نەمانی خامەنەیی، نەمانی کۆماری ئیسلامی، نا بۆ حیجابی ئیجباری و ئازادی زیندانیانی سیاسی و هەروەها دروشمی ئازادی و ژن، ژیان، ئازادی، لەزومرەی خواست و ویستی خەڵکی شۆڕشگێڕ بوون. دەستکەوتێکی زۆر گەورەی دیکەی شۆڕشی ژینا، پێکهێنانی هاوپشتی و دۆستایەتی نێوان نەتەوەکانی ئێران بوو. هاوپشتی لە نێوان خەڵکی کورد و ئازەری، خەڵکی کورد و خەڵکی سیستان و بەلوچستان و نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی وڵاتی ئێران لە دروشمەکانی خەڵکی شۆڕشگێڕدا خۆی نیشاندەدا. پشتیوانی نەتەوەکان لە یەکتر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و سەڵتەنەتخوازان و ناسیونالیسمی پاوانخوازی ئێرانی لە ئاستێکی بەربڵاودا بەرپەرچ دایەوە. یەکێکی دیکە لە دەستکەوتە بەنرخەکانی شۆڕشی سەر شەقامی ژینا ئەوە بوو کە سنوورەکانی ئێرانی تێپەڕاند و هاوپشتی بەرینی نێونەتەوەیی بەدەست هێنا کە تا ئیسا بێوێنە بووە. ئاماژە بەو خاڵانەی سەرە پێویستە، بۆ ئەوەی بڵێین کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، ژنان و پیاوانی زۆرلێکراو بوێرانە هاتنە سەر شەقام و وتیان کە ئەوان ئەو ڕژیمە سەرکوتگەرەیان ناوێت و خوازیاری دوروست لکردنی ئیرانێکی ئازاد، دێموکراتیك و بێ چەوسانەوەن. بەڵام ئەگەر بمانهەوێت بە شێوەیەکی رخنەگرانە و تەحلیلی چاو لە شۆڕشی چەند مانگەی سەرشەقامی ژن، ژیان، ئازادی بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە:

• زۆربەی خواست و ویستە بەرحەقەکانی خەڵکی شۆڕشگێڕ، لە بازنەی سیاسی و بەدەستهێنانی ئازادی و هەر وەها مافە تاکە کەسییەکاندا بوون. زۆربەی دروشمەکان سلبی بوون. خەڵکی شۆڕشگێڕ بە ئاشکرا وتیان کە ئەوان کۆماری ئیسلامیان ناوێت.

• هەر چەند کە چەند ملیۆن لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هاتنە سەر شەقام، بەڵام بەشێکی زۆرتری خەڵک، سەرەڕای ئەوە کە لە باری مەعنەوییەوە کۆماری ئیسلامیان ناوێت، بەڵام نەهاتنە سەر شەقام. لە کاتێکدا کە خەباتی سەر شەقام لە ئارادابوو، مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان کەم ببونەوە و ئەو کاتەی کە خەڵکی شۆڕشگێڕ تاکتیکی وشیارانەی پاشەکشە لەسەر شەقامی هەڵبژارد تا هەزینەیەکی قورسی کە تا ئەو کات دابووی، کەم کاتەوە، دیسان مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و خانەنشینەکان دەستی پێکردەوە. لێرەدا تەرکیز لەسەر چەند خاڵی مەربووت بە باسەکانی سەرەوە ئەهەمییەتی تایبەتی هەیە. هەرکام لە خواستەکانی شۆڕشی ژینا وەکوو خواستی ئازادی، نەمان بۆ دیکتاتۆر، ژن، ژیان، ئازادی بەسە تاکوو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دژی کۆماری ئیسلامی بێتەئاراوە و نموونە مێژووییەکانیش هەر ئەوەمان پێدەڵێن کە چەند خواست دەبێتە بنەمای یەک شۆڕش. لە ئاخری شەڕی یەکەمی جیهانی کە ماڵوێرانی و برسییەتی و کوشتارێکی زۆر لە کۆمەڵگای روسییەدا بەدی هاتبوو، بلوشویکەکان دروشمی ”ئاشتی“، ”نا بۆشەر“ و ”زەوی بۆ جوتیار“یان بەرزکردەوە تا سەرنجی زۆرینەی خەڵک بۆلای خۆیان ڕابکێشن و شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبری ١٩١٧ بەسەرکەوتن بگەیەنن. یا لە زۆریەک لە وڵاتانی دیکە ”هەژاری“ و ”ئیستبدادی پادشاکان و ئیمپراتۆرەکان“ بوونەهۆی بنەمای شۆڕشی جەماوەری ئەو وڵاتانە.

بەڵام کۆمەڵگای ئێستا بە نیسبەت سەد ساڵ لەوەپێش جیاوازی زۆری هەیە. هەرچەند هەژاری و بێکاری و بێ مافی بە فراوانی لە کوردستان و ئێران بەگشتی بوونی هەیە، بەڵام کەمتر ڕێکخراوبوونی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش، ناهەماهەنگی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و بەهێزبوونی هێزی نیزامی ڕژیمی ئیسلامی و بەکارهێنانی دەزگای سەرکووت لە لایەکی دیکەوە، بوونە هۆکاری سەرەکی مانەوی کۆماری ئیسلامی لە دەستەڵاتدا.

لە دەورەی شۆڕشی ژینادا ژنان، لاوان، خۆێندکارانی زانکۆکان و خەڵکی کوردستان دەور و نەخشێکی سەرەکییان هەبوو. هەرچەند خەڵکی شۆڕشگێڕی سەرشەقام بۆخۆیان بەشێک بوون لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕۆڵەکانیان، بەڵام دەوری بزوتنەوەی کرێکاری و موعەلیمان تا ڕادەیەک کەمرەنگتر وەبەرچاو دەکەوت. لە هەمان کاتدا کە سەرجەم چەند ملیۆن لە خەڵکی زەحمەتکێش و زوڵملێکراو لەسەر شەقامەکان بوون، زۆربەی خەڵکی گەورەشارەکان هەرچەند ڕژیمی ئیسلامیان نەدەویست، بەڵام نەهاتنەسەر شەقام. لێکدانەوەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی ئەو خۆێندەوەمان دەداتێ کە بەینی لاوانی جەسوور و بوێری کوڕ و کچی سەرشەقام لەگەڵ زۆریەک لە کرێکاران و ئەو خەڵکەی کە نەهاتنە سەرشەقام، دەتوانێ ئەوە بێت کە ئەوەڵەن خەباتی بزوتنەوە جەماوەرییەکان، بۆ وێنە بزوتنەوەی کرێکاریی میکانیسمی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە سۆفییەکان کە لە یەک چوارچێوەی خەباتی ئابووریدا ماوەتەوە. کرێکارانێک کە لەژێر هەژاری و تەواوی ئەو بەدبەختیانەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەریدا سەپاندوون، مەجبوورن کە لە مەرحەلەی ئەوەڵدا لە فکری پەیداکردنی پاروەوە نانێک بۆ بنەماڵەکەیاندابن.ئەوەش لە حاڵێکدایە کە کرێکاران ڕێکخراوێکی سەراسەرییان نییە کە مافەکانیان بپارێزێت و هاوکات هیچ سەندووقێکی مانگرتنیان نییە تا لە کاتی مانگرتنەکاندا حەقدەستی رۆژانی مانگرتن وەربگرن. بە واتایەکی دیکە وجوودی هەژاری، گرانی و نەبوونی ڕێکخراوی سەراسەری، ئەو کۆسپانەن کە پێشی بەوە گرتووە تا بزوتنەوەی کرێکاری بێتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی. ئەو گرفت و دژوارییانەی کە کرێکاران بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی بنەماڵەکەیان لەگەڵی ڕووبەڕوون، زۆربەی خۆێندکارانی زانکۆکان و ئەو کوڕ و کچانەی کە هاتبوونە سەر شەقام لەدژی کۆماری ئیسلامی و بۆ وەدیهێنانی ئازادی، لەگەڵی ڕووبەڕوو نین. زۆریەک لە لاوانی جەسوور و شۆڕشگێڕ بەرپرسیارییەتی ئابووری و بنەماڵەیی نەکەوتۆتە سەرشانیان. خاڵێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە دروشم و خواستەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە چوارچیوەی مافە سیاسییەکاندا بوو و دروشم و ویستێکی ئابووری ئەوتۆی کە بتوانێت خەڵکانێکی زیاتر بۆلای شۆڕشی سیاسی لەدژی کۆماری ئیسلامی و بارودۆخی ئێستا ڕابکێشێ، کەمتر بەرچاو دەکەوت. خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی وەک نانی شەو پێویستە. ئینسانی کرێکار، ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش ئەگەر ئازادییان هەبێت لەو ئیمکانە بەرخوردار دەبن تا بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی دیکە خەبات بکەن. بەڵام لە وڵاتی ئێران کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەموو نەتەوەکان لەگەڵ کۆمەڵێک گرفتیوەک هەژاری، بێکاری، گرانی و بێ مافی کۆمەڵایەتی لەلایەک و سەرکوت و زیندان و ئێعدام لە لایەکی دیکە، بەرەوڕوون، پێویست و زەرووریيە کە خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی هەم لە بواری سیاسیدا بێت و هەم ئابووری. بە واتەیەکی دیکە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش هەم ئازادییان پێویستە، هەم کار، نان، مەسکەن و هەم ئەمنییەت. دەقیقەن ئەو پێویستییە بنەڕەتیانەن کە دەبێت لە دروشم و خواستەکانی شۆڕشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)دا ڕەنگ بداتەوە. کۆماری ئیسلامی تەنیا بە خەڵکی کوردستان یان تەنیا بە لاوانی شۆڕشگێڕ، یان تەنیا بە خەباتی خانەنشینکراوان ناڕووخێت. خەباتی هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە جیگای خۆی دوروست و بەرحەقن بەڵام بە تەنیا بەس نییە، هەربۆیە زۆر پێویستە تا ئەوەڵەن خەباتی هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە گرێبدرێن و دووەمەن خواستە خەباتکارەکان، نیازی هەموو ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیانە لەخۆ بگرێت. لە کوردستان و هەموو شووێنەکانی ئێران بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هەرکامە بۆ خۆیان خەبات دەکەن و پێوەندی و هاوئاهەنگی سیستماتیک لە نێوان ئەو بزوتنەوە بەرحەقانە کەمتر وەبەرچاو دەکەوێت. پێداویستی بزوتنەوە و یا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە قۆناغی ئێستادا ئەوەمان پێدەڵێت کە بۆ ئەوەی ئەو شۆڕشە بتوانێت لە دەوری داهاتوودا بەربڵاوتر وقووڵتر بێتەوە مەیدانی خەباتی سەرشەقام و بۆ ئەوەی کە شۆڕشی ژینا بتوانێت هێزی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەهێزی لەبن نەهاتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان وڵام بداتە، لازمە کە هەموو ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە هەر ئێستا لە مەیدانی خەباتدان، وەک بزوتنەوەی کوردستان، بزوتەوەی کرێکاران، بزوتنەوەی خۆێندکاران، بزوتنەوەی ژنان و خانەنشینکراوان و هەموو ئەو کەسانەی کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەکۆمەڵگای ئێراندان، هێزەکانیان بکەن بەیەک، شەبەکەی پێوەندی و هاوپشتی پێک بهێنن، تا بتوانن هێز بە هێز جوواب بدەنەوە. هەر بۆیە خواستی ئازادی، هەرچەند کە زۆر زەرووره بەڵام بەس نییە. ئێمە هەم ئازادیمان دەوێت، هەم نان وکار و مەسکەن و هەم مافی تاکەکەسی و مافە کۆمەڵایەتییەکان و هەم ئەمنییەتی کاریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی.



***

# تۆماج ساڵحی، تێکۆشەری شۆڕشگێڕ و هێمای هونەری ناڕەزایەتی

تۆماج ساڵحی، تێکۆشەری شۆڕشگێڕ و هێمای هونەری ناڕەزایەتی
ڕۆژی یەکشەممە ١١ی مانگی پووشپەڕ، جەلەسەی بێدادگای پێڕاگەیشتن بە تاوانە ناڕاستەکانی تۆماج ساڵحی، گۆرانی بێژی ناوداری ڕاپی ناڕەزای و تێکۆشەر بەڕێوەچوو. جەنایەتکارێک کە جلی دادستانی لەبەرکردبوو دوای ٨ مانگ ئەشکەنجەی وەحشیانە پەروەندەی لە پێشدا دروستکراو بۆ ئەمرۆڵە بوێرەی خەڵکیی، هێنایە گۆڕێ. بەشێک لەو تاوانە بێ ناوەرۆکانە، بەقەولی وەکیلەکەی، بریتین لە" فەساد فیلئەرز، تەبلیغ لەدژی نیزام، هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی نەیار، هەڵخڕاندنی خەڵک بۆ شەڕ و کوشتار لەگەڵ یەک و سوکایەتی بەڕێبەریی".
لەو ڕووەوە کە تۆماج هونەرمەندێکە خاوەن ناو و ناوبانگی نێوخۆیی و جیهانییە دادستان بە پێویستی زانی تاوانەکانی تا دەکرێت قورستر بکات بەڵکوو بتوانێ سزایەکی قورسی بەسەردا بسەپێنێ.
تۆماج تا ئێستا دووجار و تەنیا لەبەر وتنی گۆرانی ڕاپ دەستبەسەر کراوە. مەئموورانی سەرکوتگەر دووهەمین جار لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ١٤٠١ دا، ناوبراویان لە کاتی بەشداری لە ئاخێزی شۆڕشی" ژن، ژیان، ئازادی"، دا لە ئوستانی چوار محاڵ و بەختیاری، دەستبەسەر کرد. دەستبەسەر کردنی ئەم هونەرمەندە و هەواڵی بەڕێوەچوونی ئەشکەنجەی توند لەدژی، شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی لە نێوخۆ و دەرەوەی بەدوای خۆیدا هێنا. شۆڕشگێڕان لە نێوخۆدا چەندین جار لە ئاکسیۆنەکاندا ناو و وێنەکانی ئەویان لەسەر دیوارەکان کێشا و نووسی و یان بەهەندێک شوێندا هەڵیانواسی و خوازیاری ئازادبوونی دەستبەجێی بوون. زیاتر لە ١٢٥ هونەرمەندیش ڕۆژی ٢٢ مانگی ڕێبەندانی ١٤٠١ لە ڕاگەیاندنێکدا خوازیاری ئازادی تۆماج بوون. لە دەرەوەی وڵاتیش گەلێک جار لە خۆپیشاندانەکاندا داوای ئازادبوونی کراوە و چەند پارڵمانتاریش وەکالەتی ڕەمزیی ئەویان وەئەستۆ گرتووە.
تۆماج لە تەمەنی ٧ ساڵیدا دەستیکرد بە فێربوونی ژەنینی مۆزیک. ئەو وتوویەتی کە لە منداڵییەوە شێعری خوێندۆتەوە و هۆگری شێعرەکانی خەیام بووە. تۆماج ساڵحی قۆناغی منداڵی خۆی لە ئیسفەهان و شاهینشار تێپەڕکردووە و دوو بەڵگەنامەی تراشکاری هەیە. ئەویش وەک باوکی ئەندازیاریی میکانیکی بەئاراستەی دیزاینکردن و بەرهەمهێنانی قەتعە پیشەسازییە پزیشکییەکانی خوێندووە. جێگای ئاماژەیە کە باوکی تۆماج ٨ ساڵ زیندانی سیاسی بووە.
تۆماج هونەری ناڕەزایەتی وەک ئامرازێک لەڕاستای دەستەبەربوونی ئارمان و ئیدەی ئازادی خوازانەیدا بەکار هێناوە و داهاتی تراشکارییەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە بوێرانەکانی هەزینە کردووە. سەرجەم بەرهەمەکانی دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو هونەرمەندێکی بەرپرس و شۆڕشگێڕە. ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە فەلسەفەی ڕاپ دەربڕی ناڕەزایەتییە و ئەو دەنگی ئەوانەیە کە دەنگیان نییە. هەروەها وتوویەتی:" چینە باڵادەستەکان دەنگیان هەیە و دەنگیشیان بەڕادەی پێوسیت بە هەموان دەگات؛ بەڵام چینی خوارەوە دەنگیان نییە و کەس گوێی لە قسەیان نایێت. ڕاپی ئێرانی پێویستە گەروی کپکراو و بێدەنگی کۆمەڵگا بێت."
تۆماج بەم بیر و بۆچوونەوە چووە ناوڕیزی شۆڕشگێڕانەوە و بەشداری ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا بوو. ئەو لەسەرەتای مانگی خەزەڵوەری ١٤٠١دا وێنەیەکی خۆی لە ڕیزی ناڕەزایەتییەکاندا بڵاوکردوە. هەروەها لە گۆرانییەکدا بەناوی فاڵ لە فینجانێکی قاوەدا بینی کە مۆرە ورد و درشتەکانی سەرانی ڕژیم گیراون. تۆماج دەڵێ:" ئێستا پێویستمان بە خەمخواردن نییە. ئەگەر ئازیزانمان بکوژرێن نابێ بگرین. دەبێ بەدوای محاکەمەوە بین".
تۆماج لە وتوێژێکدا لەگەڵ کاناڵی «سی بی سی تەلەویژن» وتبووی کە بە داهاتوی ناڕەزایەتییەکان هیوادارە. ئەو هەروەها وتی:" مۆسیقای ناڕەزایەتی دەتوانێ ئاڵوگۆڕی گەورە دروست بکات و لە کۆمەڵگادا زۆر کاریگەرە. ئەم مۆسیقایە هیوا بە کۆمەڵ دەبەخشێت و تۆوی بوێری دەچێنێت، چوون لە کۆمەڵگایەکدا کە خەڵک ئەوەندە لەژێر گوشاری حکومەتیدابن، بێزار و بێهیوا دەبن." تۆماج ساڵحی پەرەدان بە بوێری و ئازایەتی و هیوا بەخشین بە خەڵک بە ئەرکی خۆی دەزانێت.
ڕەخنەگرێکی موزیک لە بارەیەوە دەڵێت:" تۆماج یەک دووساڵ پێش ئەم ڕووداوانەی دوایی، بابەتێکی لە نووسراوەکانیدا دەربڕی کە ئێمە تائێستا بە شێوەی ئاشکرا لە کۆمەڵدا نەماندەبینی. واتە ڕەخنەی ناڕەزایەتی لە فۆڕمی شۆڕشگێڕانە، بێپەروا و بێ هیچ سانسۆڕێک لە بەرهەمەکانیدا تەرح دەکرا." ئەو لە درێژەدا دەڵێ:" ئەم ڕاپ خوێنە لاوە لە سەرەتاوە لە بەرهەمەکانیدا نیشانیدا کە لە ئاستی خوارەوەی کۆمەڵدا چی ڕوو ئەدات و کاتێک ناڕەزایەتییەکان سەریانهەڵدا، هاتەناو ڕیزی بزوتنەوەی ژن، ژیان، ئازادییەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان بوو بە دەنگی ئەم بزوتنەوەیە."
بۆچوونەکانی تۆماج پێشگویی شۆڕشێکی ڕوخێنەر بوو کە بە شێوەی ئاخێزی شۆڕشی ژینا خۆی نواند و بۆخۆشی وەک یەکێک لە هەڵسوڕاوانی ناسراو و دەنگ ئاشنای ئەم ئاخێزە دەرکەوت. کۆماری ئیسلامی بێهودە لەهەوڵی کپکردنی ئەم دەنگ و نرکە بەرزەی شۆڕشدایە. تۆماج لە گەرماوگەرمی توندبوونەوەی سەرکوت لە نێوخۆدا و خۆشکردنی ڕێگای سازش لەلایەن بەرپرسانی ڕژیم لە دەرەوە، محاکەمە کراوە. بۆ ڕزگارکردنی و پێشگرتن لە قوربانی بوونی لە کوشتارگای ئیسلامی سیاسیدا، پێویستە ڕیزی ملیۆنی هەموو ئەو کەسانە ڕێکبخەین کە لە نێوخۆ و دەرەوە خوازیاری ئازادی دەستبەجێی تۆماج، ئەم هێمای هونەری ناڕەزایەتی و تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەن.




*****

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

حیزبی کۆمۆنیست:

www.cpiran.net

کۆمەڵە:

www.komalah.org

پەیام ماڵپەڕی سیاسی هەواڵنێری:

www.payaam.net

یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو:

www.yadihawrean.com

:Instagram

@Komalamedia

:Facebook

@Komalamedia

:Telegram

@Komalamedianetwork

کۆمەڵە
کۆمەڵەی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 431- July2023
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# ئاوڕدانەوەیەک لە کەسایەتیی سیاسیی هاوڕێ گیان بەخت کردوو «یەحیا خاتوونی»

ن :جەعفەر ئەمینزادە

پێشەکی

یەحیا خاتوونی لە دایکبووی ١٣٢٤ لە شاری سەقز، یەکێک لە شۆڕشگێڕە ناسراوەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان و سیمایەکی دیار و بەرجەستەی سیاسی شاری سەقز بوو.

هاوڕێ یەحیا خاتوونی کاری سیاسیی خۆی لە کاتی مامۆستایەتی و هەروەها لە زانکۆی تەورێزەوە دەست پێ کرد و یەکێک بوو لە هەڵسووڕاوانەی کە جگە لە چالاکیی خوێندکاری بە دژی ئیستیبداد و سەرەڕۆیی ڕژیمی پاشایەتی، پشتیوانی شێلگیر و جیدیی گەشە کردن و بەرین کردنەوەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی خەڵک و هەروەها یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی «کۆمەڵەی دێمۆکراتیکی سەقز» دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا .

شایانی باسە کە دوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتی بەشێک لە دەرەبەگەکانی کوردستان بۆ ئەوەی زەخت بخەنە سەر جووتیاران و بەر بە شۆڕشەکەیان بگرن خۆیان چەکدار کردەوە لە بەرامبەر ئەمەدا یەکێتیی جووتیاران پێک هات و لێرەوە بزووتنەوەی جووتیاران دەستی پێ کرد و پاشان چەندین جار تێک هەڵچوونی چەکدارانە لە نێوان دەرەبەگەکان و جووتیاران ڕووی دا. هاوڕێ یەحیا خاتوونی ٢٦گەلاێژی ١٣٥٨ لە کاتی تێکهەڵچوونێکی چەکداری لە نێوان جووتیارن و دەرەبەگەکان لە گوندی کەرەفتووی سەر بە شاری سەقزدا گیانی بەخت کرد. یەحیا خاتوونی یەکێک لە ڕووناکبیرە ناسراوەکانی شاری سەقز و کەسایەتییەکی دیاری ناو بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان، بە هۆکاری جۆراوجۆر کەسایەتییەکی زۆر جیاواز بوو لە باقیی ڕووناکبیرەکانی دیکە لەم شارەدا. شەهید یەحیا کەسایەتییەکی سیاسیی جەماوەری بوو و کاریگەرییەکی هەرە زۆریشی لەسەر چین و توێژە جۆراوجۆرەکان بە تایبەت لەناو چینی هەژار و زەحمەتکێشدا هەبوو. کاک یەحیا بە پێچەوانەی زۆربەی ڕووناکبیرەکانی سەردەمی خۆی لەگەڵ جەماوەری خەڵکدا پێوەندییەکی قووڵی هەبوو و هەر بەم بۆنەیشەوە لە ئاستی شاری شار و ناوچەی سەقزیشدا دەیانناسی و ڕێزێکی زۆری لێ دەگیرا. کاک یەحیا بۆ نموونە جگە لە دەروبەرییەکان و هاونەسڵەکانی تەنانەت لەسەر نەسڵی دوای خۆیشی کاریگەرییەکی قووڵی بەجێ هێشت. لە ڕاستیدا هۆکاری خۆشەویستیی کەسایەتییەکی سیاسیی وەک کاک یەحیا تەنیا ئەوە نەبوو کە دژی سیستمی پاشایەتی خەباتی دەکرد و یەکێک بوو لە چالاکە پیگیرەکانی ئەم خەباتە بەڵکوو لە هەموو ڕوو و ڕووبەرێکەوە پرسە سیاسییەکانی دەبینی و ڕوانگەیەکی بەرفراوانی بۆ کۆمەڵگا و پرسی سیاسی لە کوردستان و ئێراندا هەبوو هەر ئەمەیەش هۆکار بوو ئەوەی خەڵک و بە تایبەت لاوانی ئەو سەردەمە زیاتر لە هەموو کەسێکی دیکە بەرەو لای خۆی ڕابکیشێت. ڕاستە کە کاک یەحیا لە ژیاندا نەماوە بەڵام بە ڕای من ئەگەر لە ژیاندا بمابایە کاریگەریی ئەم کاسایەتی زۆر بە باشی دەردەکەوت و دەبینرا.



کاک یەحیا چ ئەو کاتەی لە دێهات مامۆستای قوتابخانە بوو و چ ئەو کاتەی بۆ مامۆستایەتیی قوتابخانە گەڕایەوە بۆ شاری سەقز و دوای ماوەیەک بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا چووە زانکۆ و سەر لە نوێ گەڕایەوە زێدەکەی خۆی ئەو لایەنە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەی هەم لە ناو خەڵکی دێهاتەکان و هەم لە ناو خەڵکی شاری سەقزدا ڕەنگی دابوەوە و ئەم کارتێکەرییەیش گەلێک زەق و بەرچاو بوو و هەموان بە باشی هەستیان پێ دەکرد. کاک یەحیا مامۆستای من بوو لە قوتابخانە و من پێش ئەوەی مامۆستام بێت دەمناسی. بەڵام کاتێک لە ساڵەکانی ٥١ و ٥٢دا بوو بە مامۆستامان باشتر کاک یەحیا و کەسایەتییەکەیم ناسی. کاک یەحیا ئەگەرچی زۆر لە ژیاندا نەما و لە ساڵی ١٣٥٨دا گیانی بەخت کرد بەڵام کاریگەریی ئەرێنی و پۆزێتیڤەکەی لەو ماوە کورتەی پێش و پاش شۆڕشدا دیار و بەرچاو بوو و پێم وایە تاکوو ئێستایش ئەو کاریگەرییە هەر ماوە بۆ نموونە لەسەر خۆم. جێگی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە کاریگەریی وەرگرتنی ئێمەومانان و وابستەیی ئێمە بە کەسایەتییەکی وەک کاک یەحیا لە ڕاستیدا حیزبی و ڕێکخراوەیی نەبوو و زیاتر پێوەندیی بە خەت و بیروبۆچی سیاسییەوە هەبوو لەبەر ئەوەی کاک یەحیا کەسایەتییەکی، چەپ، سۆسیالیست و زەحمەتکێش بە تایبەت لە ڕووی فیکرییەوە زۆر کراوە و دێمۆکرات بوو تەنانەت لەم ڕووەوە بە بەراوەرد لەگەڵ هاونەسڵەکانی خۆی و دوای خۆیشیدا زۆر جیاوازتر بوو. بۆیە هۆکاری جەماوەری و کۆمەڵایەتی بوونی کەسایەتیی کاک یەحیا وای کرد کە کاریگەرییە فیکری و سیاسییەکەی تاکوو ئێتایش هەر زیندوو بمێنێتەوە بە تایبەتی لەسەر ئەوانەی کە نزیک و دوور دەیان ناسی و لەگەڵ هاتوچۆ و دۆستایەتیان هەبوو. لە لایەکیترەوە کاک یەحیا سەرباری ئەوەی خوێندنی زانکۆی تەواو کردبوو و مرۆڤێکی ئاکادێمیک بوو بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە زۆر وریا، سیاسی و خوێندەوار بوو. ئەگەرچی سەبارەت بە کاک یەحیا و کەسایەتییەکەی و دەور و نەقشی لە بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان و کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو لەسەر نەسڵی خەباتکار و شۆڕشگێڕی شاری سەقزی پێش و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران کەم باس کراوە و بەو شێوەی کە شایستەیە ئاوڕ لەم کەسایەتییە سۆسیالیستەیە نەدراوەتە بەڵام وەک خۆم بەبێ دوودڵی و ڕاڕایی دەتوانم بڵێم کەسایەتییەکی وەک کاک یەحیا لە ڕووی نفووزی کۆمەڵایتییەوە کەموێنە و لە ڕووی سیاسییەوە زیاتر لە هەموو کەسایەتییەکیتری ئەو سەردەمە لە شاری سەقز پێگەیشتووتر و کامڵتر بوو.

***

دواستون

## ”ئەی ڕەفیق دەوا و دەرمان“

ن. سەلام قادری

لەم ڕۆژانەدا ئەکبەری تەبەری گەورە باجخۆر و دزی دام و دەزگای عەداڵەتی ئیسلامی ڕژیم بە خێر و خۆشی گەڕایەوە باوەشی ڕەفیقەکانی، شایانی باسە کە یەکێک لەم ڕەفیقانەی جەنابی ئەکبەر، بەرپرسی پێشووی ئەم دەزگا عادیلە حوجەتولئیسلام سادقی لاریجانی بوو. ئەکبەر جێگری یەکەمی سادقی ڕەفیقی بوو کە لەناکاو ڕەفاقەتی سادق و ئاغاکەی شێوا و لەم ناوەدا دیواری نزمتر لە ئەکبەریان نەدۆزییەوە کە سڕی هەڵماڵن و لەکەداری کەن و دوای عومرێک دزی پاک و سادقانە بۆ نیزام دادگایان لێ گرت و وردو درشتی ئەوەی خواپێیدابوو هێنرایەوە بەرچاویی.

مەحکەمە عەلەنییەکەی وەکوو ڕۆژی قیامەت وابوو، هەر باخ و زەوی و ئاپارتمان بوو هاواری دەکرد ئەکبەر، ئەکبەر منی لەبری باج وەرگرت، دۆلار و یۆرۆ و تەمەنی فەقیریش ئەهاتنە زیرە ئەیانوت ئەکبەر، ئەکبەر ئێمەی دزی، پۆند ئەیوت ئەکبەر بەدەم ئیجرای عەداڵەتی ئیسلامییەوە ئێمەیشی ئاخنی بە ژێر مێز و کورسییەکەدا و عەداڵەتاندمانی بە ئیسلاما. بەڵام ئەکبەر لەم سەری دادگاکەوە لە ناو بەرگێکی خەت خەتا لە وڵام بە هۆکاری ئەو بە دەیان مڵک و سەدان میترە زەوییەی بە ناوییەوە کرابوو دەیوت نەخەیر من دز نیم و بە عەکسەوە خزمەتکارێکی بیست ساڵەی عەداڵەتی ئیسلامیم و هۆکاری ئەو هەموو مڵکەی بە ناوییەوە کراوە، دەگەڕاندەوە بۆ هەبوونی ڕەفیقی باش. دەیگوت: «من ڕەفیقی وەهام هەیە داوای هەرچی بکات ئەیدەمێ، من ڕەفیقی وام هەیە داوای هەموو لەواسانات بکەم دەیکات بە ناومەوە، لە کۆتاییشدا دەیگوت ئێوە ڕەفیقی واتان نییە کێشەی خۆتانە.» (لەواسانات،ناوچەیەکی زۆر ڕاقیە لە تاران) ئەم مەحکەمەیەی ئەکبەر دوو دەرسی گەورەی ئیداری و ئابووری تێدا بوو بۆ گەلی ئێران، یەکەمیان ئەگەر ویستت پلەکانی سەرکەوتن لە بارەگای حکومەتی ئیسلامی یەک لە دوای یەک تێپەڕێنی بۆ ڕەفیقی باش لە ناو دەسەڵاتدا بگەڕێ، ئەو کاتەیش پلەکانت یەک لە دوای یەک بڕی و بۆ خۆت لە بەرەکەتی ڕەفیقی باش بێبەری نەبووی ئاگات لە پێوەندی ڕەفیقانەی ئاغاکەت لە گەڵ ئەغاکەی بێت لەبەر ئەوەی تێکچوونی پێوەندی ڕەفیقانەی ئاغاکەت و ئاغاکەی دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە ئاغای گەورە ویستی تۆڵە لە ئاغای ڕەفێقت بکاتەوە و بەوی نەوێرا کورد گوتەنی: «کە بەکەری نەوێرا کۆپان بسوتێنێ» و دواجار تۆ ببیت بە قوربانی ڕەفاقەت و وەکوو یاری مار و پلە هەرچی تاست بۆ هاتووە و پلەکانت بڕیوە گلۆر بیتەوە بۆ کلکی مارەکە.

دەرسی ئابووری چیرۆکی ئەکبەر بۆ ئەو هەموو گۆڕ خەو و بێ ماڵ و کارتۆن خەوەی تاران ئەوەیە لە پەیدا کردنی ڕەفیقی باش غافڵ مەبن بۆ ئەوەی هەم لە کارتۆن خەوی ڕزگارتان ببێت و بگەن بە عەرشی ئەعلا و هەم ئەگەر ڕۆژێکیش بە دەم تلیاک کێشان یان هەر تاوان و بۆختانێکەوە ڕێتان کەوتە زیندان، عەرزی زیندان نەتانگرێت بە خۆیەوە و هەر خێرا کلیلی ڕەفیقی باش بێت بە داوتاندا و شادتان بکاتەوە بە دیداریان و سەربەرز و شادکام بگەڕێنەوە بۆ باوەشی پڕ مێهر و وەفای ڕەفیقان. من لەم باوڕەدام زەمانەکە وای لێهاتووە ئەگەر حسەن زیرک زیندوو ببایەتەوە لە ئێرانی ئیسلامی ئیمڕۆدا گورانی هەی دوکتۆر دەواو دەرمانی دەگۆڕی بۆ هەی ڕەفیق دەوا و دەرمان، دە ورە وەرە بە قوربان. چوونکە لەم ڕەفیقخانە ئیسلامییەدا ئەگەر دکتۆرێکیش پەیا بێت و دەردەکەت بدۆزێتەوە، ئەوا دیسان بەو مانایە نییە کە دەرمان و چارەسەرت وەرگرتووە مەگەر ئەوەی کە ڕەفقێکی باشت هەبێ کە بە دەم قاچاخی درەمانەوە لە بیرتدا بووبێت و بەشی تۆیشی نابێتە لاوە.

ڕەنگە کەسێک بڵێت کاکە زیرەک مەبەستی دەرمانی جوانی یار بووە! لە ڕاستیدا مەبەستی ئەم هونەرمەند و ئەو شاعیر گرینگ نییە گرینگ ئەوەیە لە ئێرانی ئیمڕۆدا لە سایەی سەری عەداڵەتی سادقانەی سادقەکانەوە بۆ ئەوەی بە ویسالی یاریش بگەیت دەبێ دەستت بە دەستی ڕەفیقی باشەوە بێت بۆ ئەوەی لەمپەرەکانی یەکگرتنتان یەک لە دوای یەک لە کۆڵ بکاتەوە. هەڵبەت ئەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت ڕەفیق چەند جۆرە و دەتوانێ وەکوو ئەو ئەکبەرەکەی تر دەعوەت بکرێی بۆ ئیستەخر و لەوێ سەرت بکرێتە ژێر ئاوەوە و دواتریش بە سەر جەنازەکەتدا ئیستەخرێک فرمێسک بڕێژرێ و دواجار جەنابی ڕەفیق هێندە لەبیری ئەو دنیاشتدا بێت دۆعا بۆ قیامەتیشت بکات. وەکوو ئیمام وتی ئەم جۆرە ڕەفیقە لەبیری دنیا و قیامەتتدایە، لە دنیا هەلی دزیت بۆ دەرەخسێنێ و کە سەریشتی کردە ژێر ئاوەکەوە دۆعا بۆ قیامەتت دەکات بۆ ئەوەی سەربەرزی دنیا و قیامەت بیت. وەلحاسڵ لە ڕەفیقی باش غافڵ مەبن.

***